کۆماری عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی

خوێندنەوەو ئەدەبی کوردی

بۆ پۆلی

- پێنجەمی ئامادەیی
- دووەمی پیشەیی
- هونەرە جوانەکان

دانانی

حسین یارە احمد جاف	عثمان علي محمود
د . مهاباد عبد الكريم احمد	حسين عثمان معروف

بژارکردن و پێداچوونەوەی

سناء هدايت حسين گرمیانی	عثمان علي محمود

چاپی چوارەم	٢٠٢١ز –(٢٧٢١)ی کوردی

لە چاپخانەی (	) چاپکراوە

سەرپەرشتی زانستی :

عثمان علي محمود

سەرپەرشتی هونەری :

انس صالح شناوة

ناوی سیانیی قوتابی : ....

ناوی قوتابخانە : ....

ساڵی خوێندن : ....

پارێزگا : ....

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

تَبَارَكَ الَّذِي جَعَلَ فِي السَّمَاءِ بُرُوجًا
وَجَعَلَ فِيهَا سِرَاجًا وَقَمَرًا مُنِيرًا ﴿٦١﴾ وَهُوَ الَّذِي جَعَلَ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ
خِلْفَةً لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يَذَّكَّرَ أَوْ أَرَادَ شُكُورًا ﴿٦٢﴾

صدق الله العظيم

سوورەتی (الفرقان)

بەناوی خوای زۆر بەخشندەو میهرەبان

ڕاڤەکردن :

﴿٦١﴾ زۆر مەزنە ئەو زاتەی لە ئاسماندا چەندەها خولگەی گەورەی (بۆ هەسارەو ئەستێرەکان) بەدی هێناوە، هەروەها چرایەکی پرشنگداری کە جۆرە مانگێکی بۆ زەوی دابین کردووە.

﴿٦٢﴾ خوا، ئەو زاتەیە کە شەوو ڕۆژی بەشوێن یەکدا ڕێك خستووە کە هەلێکە (فرسەتێکە) بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت یاداوەری وەربگرێتو دەیەوێت سوپاسگوزاری ئەنجام بدات .

پێغەمبەری خۆشەویستمان دروودی خوای لەسەر بێ فەرموویەتی :

((من سلَك طريقاً يلتمس فيه علماً سهَّل الله له طريقاً الى الجنة))

واتاکەی	وشە
ڕێگایەکی گرتەبەر	سلك طريقاً
داوابکات	يلتمس

ڕاڤەکردن :

لەم فەرموودە پیرۆزەدا ئەوەمان پێ ڕادەگەیەنێت کە ئەگەر یەکێك بە ئامانجی فێربوونی زانست ڕێگای دوورو نزیك بگرێتەبەر خوای مەزن لەو دنیا ڕێگای چوونە بەهەشتی بۆ نزیك دەکاتەوەو زۆر بە ئاسانی بە بەهەشتی بەرینی شادیدەکات .

پێشەکی

دە دانە ساڵە خەریکی هەوڵدانین بۆ بەچاپ گەیاندنی ئەم پەرتوکە..واتە خوێندنەوەو وێژەی کوردی ـ بۆ قوتابیانی قۆناغی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی...ئەوانەی کەوا لە دەرەوەی سنوری هەرێمی کوردستاندا دەژین واتە بۆ ئەوانەی کەوا زمانی کوردی...دووەم زمانیانە ...کۆمەڵێ کۆسپو کۆمەڵێ زیاتر تەگەرە خرانە بەردەمی پرۆسەکەمانەوە...بۆ ئەوەی ئەم پەرتوکە رووناکی چاپ نەبینێتو نەبکەوێتە بەردەستی قوتابیانی قۆناغی ناوبراوەوە..هۆی سەرەکی ئەو کۆسپانەش ـ بەڕای من ـ نەبوونی بڕوابوون لە لای هەندێ کەس بەچەسپاندنی برایەتی کوردو عەرەب وەك دوو کۆڵەکەی پۆلایین لە کۆشكو تەلاری مێژووی ئەم قەڵا دێرینەی ئێمە کە پێی دەڵێن : عیراق ، کەوا نیشتمانی کوردو عەرەبو تێکڕای پێکهاتەکانی ئەم خاکە پیرۆزەی ئێمەیە..بەڵێ کۆسپ هەبوو بەڵام..خەباتی بێ ووچانمانو بڕوامان بە هەقیانەی بڕۆسەکەمان ،لە پاش ئەو دە دانە ساڵەمان سەری خستینو خەباتەکەمانی هێنایە بەرهەم .

خوێنەری بەڕێز :

هەر لە دێر زەمانەوە گوتراوە هەچ زمانێك بە مرۆڤێك دەژمێردەرێت واتە بە خاوەنی دوو هێز دادەنرێت..چونکە زمان هێزە..زمانی توانابیەو هەروەهاش پێغەمبەری مەزنمان (محمد) دروودی خوای لەسەر بێت فەرموویەتی ، (من تـعلم لغة قوم أمن مکرهم) یان (من تـعلم لغة قوم أمِن شرهم)..واتە ئەوەی زمانی خەڵکێك فێربێت ئەوە لەمەکریانو شەڕو شۆریان خۆی دەپارێزێت..واتە گرنگی فێربوونی زمانێکی نوێ لە ئاستی پاراستنی ژیانی خودی مرۆڤەکەیە لە هەموو روویەکەوە .

زمانی کوردی خۆشمان..کەوا یەکێکە لە زمانە کۆنو رەسەنو دێرینەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست شایستەی ئەوەیە کەوا بڵاوبێتەوەو خەڵکێکی زۆر ئاخەوتنی پێبکات نەك هەر ئەوەش بەڵکو زیاتر بۆ ئەوەی ببێتە مایەی چەسپاندنی گیانی برایەتی کوردو عەرەبو تێکرای پێکهاتەکانی عیراقی خۆشەویستمان چونکە هەمیشەودایم تاکە دروشمی بەرێوەبەرایەتیەکەمان ئەوە بووە :

چەسپاندنی خوێندنی کوردی لە عیراقدا چەسپاندنی

یەکێتی گەلو نیشتمانی عیراقی مەزنە

خوێنەری ئازیز :

زمـان نـاسـنـامـەی میـللەتـە..زمان پێناسەی گەلە بوونی زمان..بوونی میللەتە . بێ زمانی تایبەت بەگەلێك ئەو میللەتە بوونی نی یەو حاڵی پەریشانە .

ئـەم پەرتووكەی بەردەستی ئێوە بریتی یە لە دوو بەش..بەشی یەكەم پەیوەندی بـ (رێزمانی) كوردیەوە هەیەو بەشی دووەمی تیشك ئەخاتە سـەر وێژەی كـورد كـەوا سەرەتای نووسینی ئەگەرێتەوە بۆ سەدەی دەهەمی زاینی بۆ ئەو كاتەی چوارینەكانی شاعیری كوردی لوڕ بابا تایەر كەوا بە (عوریان)یش ناسراو (٩٣٥-١٠١٠)ز هـاتۆتە بـواری نووسینەوە چونكە پێش ئەم چوارینانە..هیچ بەڵگەیەكمان بە چنگ نەكەوتەووە كـەوا زمـانـەكـەمـان تـیشكی تۆماركردنی بینیبێت .

لیژنەی دانەران

الألفباء الكردية (ئەلفو بێی کوردی)

قـواعـد اللغة الكورديـة (ڕێـزمـانـی کوردی) هي عبارة عن مجموعة الضوابط اللغوية التي تعلمنا النطق الصحيح والكتابة الصحيحة باللغة الكردية .

والكلام المكون من الجملة هو الذي نعبّر به من مقاصدنا .

لاحظ ان كـل الجمل تتكون مـن كلمتين او اكثـر ، او كلمات تتكون من حروف الهجاء يطلق عليها الكُرد (ئەلفو بێ)وهي على النحو التالي :

ئـ ، أ ، ب ، پ ، ت ، ج ، چ ، ح ، خ ، د ، ر ، ڕ ، ز ، ژ ، س،ش،

ع ، غ ، ف ،ڤ ، ق ، ك، گ ، ل ،ڵ ، م ، ن ، ۆ ، و ، وو ، هـ ،

ه ، ی ، ێ .

ملاحظات

اولاً : تتميز اللغة الكردية بخاصية وجود خمسة حروف فيها لا توجد في اللغة العربية وهي :

١ـ (پ) وتنطق مثل حرف (p) في اللغة الانكليزية فنقول :

پير	عجوز ، هرم	ئەسپ	حصان
پەيمان	عهد	پياز	بصل
پشت	ظهرْ	پەنجە	اصبع

٢ـ (چ) وتنطق مثل حرف (ch) في اللغة الانكليزية فنقول :

چاى	شاي	چاپخانه	مطبعة
چل	٤٠(اربعون)	چەور	دهني ، دهين
چين	صين	چەتر	مظلة

٣ـ (ژ) يلفظ كما في الكلمات **Pleasure** (السرور) و **Measure** (المقياس) و **Treasure** (الكنز) في الانكليزية

ژيان	حياة	كەژ	جبل
ژماره	العدد	ژن	امرأة
بژى	يعيش	ژان	أَلَمْ

٤ـ (گ) وتنطق مثل حرف(G)في اللـغة الانـكليزية كما في كلمتي (big - gun) او تلفظ كالجيم المصرية في اللغة الدارجة فنقول :

گورگ	ذئب	گەنم	حنطة
گەرم	حار	گەوره	كبير
گران	ثقيل ، صعب	تفەنگ	بندقية

٥ـ (ڤ) وتنطق مثل حرف (V) في اللغة الانكليزية فنقول :

پەيڤ	كلمة	هەيڤ	شهر ، قمر
ڤيان	وداد	هوزانڤان	شاعر

ثانياً: (أ) هناك الفاظ مذكرة تقابلها الفاظ مؤنثة :

المذكر	المؤنث
پياو	ژن
كوڕ	كچ
ئەسپ	ماين
كەڵەباب ، كەڵەشێر	مامر ، مريشك
دايك	باوك

(ب) هناك كلمات من نوع واحد يجوز ان تـكون مذكر ويجوز ان تـكون مؤنث مثل :
سەگ بمعنى كلب او كلبة ، پـشيله بـمعنى قط ،او قطة شێر بمعنـى اسـد او لبوة
فاذا اريد تخصيصها للذكر فاننا نضيف اليها اداة التذكير كلاحقة أولية (suffix)
الى بداية الكلمة (نێر) فنقول :
نێرەسەگ ، نێرەشێر ، نێرەپشيله .
واما اذا أريد تخصيصها للمؤنث فانا نضيف اداة التأنيث (ما ، مێ ، دەڵە) فنقول :
دەڵەسەگ ، دەڵەشێر ، مێ پشيله .

ثالثاً : الاسماء والضمائر والصفات لاتعرف التذكير والتـأنـيـث من النـاحية اللفظية النحوية ، وانما التذكير والتأنيث من المعنى الـذي يفيده النص ، وذلك بخلاف الحال مثلاً اللغـة العربـيـة والفرنسية فان هناك الفاظاً خاصة بالتذكير واخرى خاصة بالتأنيث ، ويبدو ذلك واضحاً اذا ما عقدنا مقارنة بين اللغتين العربية والكردية في الاحوال التالية :

١ـ تتبع الصفة الموصوف في اللغة العربية في التذكير والتأنيث فنقول :
(ولـد جميل وبنـت جميلـة) ونقول ايضاً (رجل عاقل وإمراة عاقلة) وكذلك (شارع واسع) و (حديقة واسعة)

اما في الكردية فـليـس فيهـا التـذكير والتـأنيث ومجرد ذكر الصفة والمـوصوف في التركيب الوصفي يستدعي انهما متطابقان تذكيراً وتأنيثاً في المعنى فنقول :
(كوڕێكى جوانو كچێكى جوان) (پیاوێكى ژیرو ژنێكى ژیر) (شەقامێكى پانوبەرینو باخێكى پانوبەرین)

٢ـ في العربية هناك ضمائر منفصلة او متصلة خاصة بالمذكر واخرى خـاصة بالمؤنث مثلاً :

انتَ ←—— انتِ

هو ←—— هي

هم ←—— هنَّ

اما في الكردية فلا تعرف التفرقة في الضمير فنقول :

تۆ	معناها	انتَ او انتِ
ئەو	معناها	هو او هي
ئەوان	معناها	هم او هنَّ

چەند ڕاهێنانێكی گشتی

ڕاهێنانی (١)

له ئەلفوبێی زمانی كوردیدا چەند پیتێك هەن ، له عەرەبیدا نین ، بریتین له :

١- .... ٢- ....
٣- .... ٤- ....
٥- ....

ڕاهێنانی (٢)

ئەو پیتانه چین كه له ئەلفوبێی عەرەبیدا هەن بەڵام له كوردیدا نین :

١- .... ٢- .... ٣- ....
٤- .... ٥- .... ٦- ....

ڕاهێنانی (٣)

بۆ هەریەكه لەم پیتانەی لای خوارەوە نموونه بهێنه :

پ = پیاز ، سپی ، خراپ .
چ = ... ، .... ، ....
گ = ... ، .... ، ....
ژ = ... ، .... ، ....
ر = ... ، .... ، ....
ڕ = ... ، .... ، ....
ۆ = ... ، .... ، ....

ڕاهێنانی (٤)

به زمانی کوردی ناوی پێنج میوه بنووسه :

١- ....
٢- ....
٣- ....
٤- ....
٥- ....

ڕاهێنانی (٥)

ئه‌م ئه‌ندامه خێزانانه‌ی لای خواره‌وه به کوردی بنووسه :

اب = ...	إبن العم = ...
ام = ...	إبن الخال = ...
اخت = ...	إبن الأخ، بنت الأخ = ...
اخ = ...	إبن الاخت ، بنت الاخت =...........
عم = ...	إبن العمة بنت العمة = ...
خالْ = ...	
ابن = ...	
بنت = ...	
جد = ...	
جده = ...	

ڕاهێنانی (٦)

ئەم وشانەی خوارەوە بۆ زمانی کوردی بگۆڕە (وەرگێڕە) :

دفتر	دار	املاء	صف
معلم	مدرسة	انشاء	عين
مدير	شارع	قراءة	رأس
ساعة	ليل	قلم	انف
درس	نهار	مسطرة	رِّجْل

ڕاهێنانی (٧)

ناوی پێنج پیشە (کار) بنووسە :

١- ....

٢- ....

٣- ....

٤- ....

٥- ....

ڕاهێنانی (٨)

ئەم وشانەی لای خوارەوە بگۆڕە بۆ زمانی عەرەبی

سەرپەرشتیار	هەرێم	چواردە
خێرا	شاخ	نیو
دەرگا	ئاسمان	هەینی
تەمبەڵ	دەخواتەوە	کامەران
گەنم	دەچێت	شێر

ڕاهێنانی (٩)

ئەم خۆراکانەی خوارەوە بە عەرەبی بنووسە :

هەرمێ	برنج	هەنگوێن
شووتی	ساوەر	پەتاتە
سێو	نان	نیسك
سیر	ڕۆن	نۆك
هەنار	پەنێر	گۆشت

ڕاهێنانی (١٠)

ئەم ڕەنووسانە(*) بە نووسین بنووسە :

٨............... ، ٢٢١ .... ، ٢٠٢١...............

٣٠............... ، ٣٧٣ .... ، ١٩٦٩...............

١٣............... ، ٨٩٠ .... ، ٣٠٠٠...............

(*) ڕەنووس=رقم

ژمارە = عدد

وانەی یەکەم
پیتی (ە ، ـە) ، ئـ ، پ ، ب

پیتی (ە ، ـە)

ئەم وشانەی لای خوارەوە بە دەنگی بەرز بخوێنەو سەرنجی چۆنێتی بێژەی پیتی (ە ، ـە) لەناویاندا بدە :

تێبینی ە ، ـە = فتحة (ـَ) في العربية

دەرەوە	دەرخستن	دەرزی	دەرگا
دەرمان	دەریا	دەست کرد	دەشت
دەفر	دەق	دەگمەن	دەلاڵ
ڕەشبگیر	ڕەشید	ڕەفتار	ڕەق
ڕەنج	ڕەنووس	ڕەو	ڕەوان
ڕەوانبێژ	ڕەوانبێژی	ڕەوشت	ڕەوگە
وەدوود	وەردە	وەسیم	وەرگرتن
ئەحمەد	ئەدهەم	ئەرشەد	ئەسعەد
تەزوو	تەماتە	تەنانەت	تەنیا
مەبەست	مەتەڵ	مەشق	مەیموون
بابۆڵە	بازنە	باسیمە	بالأبەرز
ژێردەستە	سەربەست	شنە	کاڵەك
کفتە	نمایشگە	هیبە	وێستگە

ڕستەکانی لای خوارەوە بخوێنەو سەرنجی پیتی (ە ، ـە) لەناو وشەکاندا بدە :

١- لە دەرمانخانەدا دەرمان دەکڕین .

٢- ئاوی دەریا شۆرە .

٣- دوێنێ دەقی هەواڵەکانم بیست.

٤- ڕەشید کوڕێکی زیرەکە .

٥- لەگەڵ باوکم و دایکمدا ڕەفتارم باشە .

٦- مایەی ڕەنج بەختەوەرییە .

٧- زەکیو ئەدهەم هاوتەمەنن .

٨- پەتاتە کیلۆی هەزار دینارە .

٩- بەتەنیا ڕۆشتم بۆ کتێبخانە .

١٠- داپیرە گەورەم مەتەڵی خۆش خۆشمان بۆ دەگێڕێتەوە .

١١- ئامینە کچێکی سەنگینە .

١٢- سوعاد لە باسیمە بالأبەرزترە.

پیتی (ئـ)

ئەم وشانەی لای خوارەوە بە دەنگی بەرز بخوێنەو سەرنجی چۆنێتی بێژەی پیتی (ئـ) لەناویاندا بدە :

ئا	ئابڕوو	ئارام	ئازاد
ئازار	ئازیز	ئاژانس	ئاژاوە
ئاژەڵ	ئاسان	ئاسایش	ئاسمان
ئاسن	ئاسوودە	ئاسیا	ئاشتی
ئاشکرا	ئافرەت	ئافەرین	ئاکار
ئاگر	ئاڵا	ئامار	ئامۆژا
ئاهو	ئاهەنگ	ئاواز	ئاوارە
ئاوەدان	ئایین	ئەدەب	ئەرك
ئەزموون	ئەسپ	ئەسپاردە	ئەستۆ
ئەستوور	ئەستێرە	ئەشکەوت	ئەفسانە
ئەفسەر	ئەکبەر	ئەگەر	ئەسڵ
ئەڵقە	ئەمانە	ئەمبار	ئەنبار
ئەنجا	ئەنجوومەن	ئەندازە	ئەندام

ڕستەکانی لای خوارەوە بخوێنەو سەرنجی پیتی (ئـ) لەناو وشەکاندا بدە :

١- نەوزاد کوڕێکی ئازایە.

٢- خۆت لە ئاژاوە دووربخەرەوە.

٣- وانەی ڕێزمان لای من ئاسانە .

٤- ئاسایشی وڵات بپارێزن .

٥- لە ئاسن پەنجەرە دروست دەکەین.

٦- ئاشتی وشەیەکی بەنرخە.

٧- ئەستێرە لە کاتی شەودا دەردەکەوێت.

٨- ئەندازیاری پیشەیەکی گرنگە.

٩- ئەحمەد برای دلێرە.

١٠- ئەمڕۆ ئاهەنگ دەگێڕین.

١١- ئەرکیماڵەوەت بنووسە.

١٢- ئەگەر گوڵ نیت دڕکیش مەبە .

پیتی (پ)

ئەم وشانەی لای خوارەوە بە دەنگی بەرز بخوێنەو سەرنجی چۆنێتی بێژەی پیتی (پ) لەناویاندا بدە :

پا	پاچ	پاچە	پار
پاراستن	پارە	پارچە	پارسەنگا
پاروو	پارێزگا	پازدە	پاس
پاسەوان	پاش	پاش و پێش	پاقلە
پاك	پاكەت	پان	پانكە
پایان	پایەدار	پرچ	پشك
پشوو	پۆدرە	پۆڕ	پۆست
پۆستە	پیاز	پیاو	پێچانەوە
پێچاوپێچ	پێچەوانە	پێچوون	پێڕست
خراپە	سپی	سوپا	کەپر
کتوپڕ	کۆپری	گۆپكە	كۆڕپە
پەلپ	تۆپ	خراپ	دلۆپ
قاپ	كپ	گوپ	لەپ

پیتی (ب)

باب	بابەت	باخەوان	بادان
بار	باران	بارستە	باز
باسم	باش	باشوور	باو
باوك	بەخت	بەخش	بەد
بەر	بەراز	بەرامبەر	بەند
بۆ	بۆر	بۆری	بۆش
بۆق	بۆمبا	بۆن	بۆنە
بیابان	بیبەر	بیرکاری	بێ
ئەدیب	نەجیب	حەسیب	رەباب

ڕستەکانی لای خوارەوە بخوێنەو سەرنجی پیتی (پ) لەناو وشەکاندا بدە :

١ - پارەت هەبێت لای خەڵك خۆشەویستی.

٢ - بە پاس دەڕۆم بۆ مۆزەخانە.

٣ - دڕۆزنی ڕەوشتێکی خراپە.

٤ - ماڵمان لە پشتی قوتابخانەکەدایە.

٥ - سبەی پشووە.

٦ - پشیلەکە لەژێر مێزەکەدا نووستووە(خەوتووە).

٧ - ئازاد لە پۆلی دووەمە.

٨ - پیاوەتی ڕەوشتێکی جوانە.

٩ - پیرەمێرد شاعیرێکی بەناوبانگە.

١٠- پیری و سەد عەیب.

١١- بە پێ دەچم بۆ بازاڕ.

١٢- شەو پێچەوانەی ڕۆژە.

واتای وشەکانی وانەی یەکەم

کوردی	عەرەبی
دەرخستن	اظهار ، ابراز
دەرزی	ابرة
دەرمان	دواء
دەریا	بحر
دەستکرد	اصطناعي
دەشت	خارج ، صحراء
دەفر	وعاء ، اناء
دەق	نص
دەگمەن	نادر
دەڵاڵ	دلّال ، سمسار
ڕەشبگیر	نفور عام
ڕەفتار	سلوك
ڕەق	صلب
ڕەنج	جهد
ڕەنووس	رقم
ڕەو	هجرة ، رحيل
ڕەوان	اسهال ، سهل ، صافي
ڕەوانبێژ	بليغ
ڕەوانبێژی	بلاغة
ڕەوشت	سلوك ، عادة ، خلق
ڕەوگە	مهجر
وەرگرتن	استلام

تەزوو	تيار / رجفة
تەنانەت	حتىٰ
تەنیا	وحيد
مەبەست	غاية ، قصد
مەتەڵ	لغز ، قصة قصيرة
مەشق	تدريب
مەیموون	قرد
بابۆڵە	شطيرة ، لفة
بازنە	دائرة
باڵابەرز	طويل القامة ، ممشوق
ژێردەستە	مذعن ، خاضع
سەربەست	حُرّ
شنە	نسيم
نمایشگە	معرض
وێستگە	محطة ، موقف
دەرمانخانە	صيدلية
دەکڕین	نشتري
شۆڕ	مالح
دوێنێ	البارحة ، امس
هەواڵەکان	الاخبار
کوڕ	ولد
زیرەك	ذكي

بەختەوەری	سعادة
هاوتەمەن	نفس العمر
دەگێرێتەوە	تروي ، تقص
سەنگین	رزين
ئا	نعم ، بلىٰ
ئابڕوو	حياء ، شرف ، كرامة ، سمعة
ئارام	صبر ، هدوء ، تحمل
ئازار	ألم
ئازیز	عزيز
ئاژانس	وكالة الانباء
ئاژاوە	فوضىٰ ، اضطراب
ئاژەڵ	حيوان ، ماشية ، بهيمة
ئاسایش	الامن
ئاسوودە	مطمئن ، مرتاح
ئاشتی	سلام ، هدنة ، صلح
ئاشکرا	واضح ، جلي ، ظاهر
ئافەرین	احسنت ، مدح
ئاکار	اخلاق ، سلوك
ئاڵا	علم ، راية ، بيرق
ئامار	احصاء

ئاهو	غزال
ئاهەنگ	حفلة
ئاواز	نغم ، لحن ، ايقاع
ئاوارە	متشرد
ئاوەدان	معمور
ئایین	دين
ئەدەب	تربية ، اخلاق ، تهذيب / الادب
ئەرك	جهد ، واجب
ئەزموون	اختبار ، امتحان
ئەسپاردە	توصية / ايداع
ئەستۆ	رقبة ، جيْد
ئەستوور	غليظ ، سميك
ئەشکەوت	كهف ، غار
ئەفسانە	اسطورة
ئەسڵ	اصل ، نسب
ئەڵقە	حلقة
ئەمانە	هؤلاء
ئەمبار	مخزن ، مستودع
ئەنجا	ثُم
ئەنجوومەن	مجلس

ئەندام	عضو
ئازا	شجاع ، باسل
پاراستن ، پارازتن	محافظة ، حماية ، حفظ
بەنرخ	ثمين
دەردەکەوێت	يظهر ، يبين
گرنگ	مهم
دڕك	شوكة
پارچە	قطعة / قماش
پارسەنگ	توازن
پاروو	لقمة
پاسەوان	حارس
پاش‌وپێش	تقديم وتأخير
پان	عريض ، واسع
پایان	إنتهاء ، نهاية
پایەدار	ذات مكان او منصب ، ذو شأن
پرچ	شعر
پشك	حصة
پشوو	استراحة ، عطلة
پۆڕ	درّاج

پۆست	جلد
پۆسته	بريد
پێچانەوە	لف ، شد
پێچوون	استغراق
خراپە	سوء ، رداءة
کەپر	بساط ، خيمة
گۆپکە	برعم
کۆرپە	الطفل الرضيع ، الطفل الصغير
پەڵپ	حُجة ، ذريعة
دڵۆپ	قطرة
قاپ	اناء ، وعاء ، ماعون ، صحن
کپ	خامد ، ساكت
گوپ	خد ، وجنة
لەپ	راحة اليد ، باطن الكف
باخەوان	بستاني
بادان	لف ، لوي ، فتل
بارستە	كتلة
باز	صقر ، شاهين / قفزة ، وثبة ، طفرة
باو	عادة ، دأب ، شائع
بەخش	هبة ، عطية ، منحة

بەر	ثمرة
بەراز	خنزير
بۆمبا	قنبلة ، قذيفة
بۆن	رائحة ، شذىٰ
بۆنە	مناسبة
خەڵك	ناس
پاس	باص
مۆزەخانە	متحف
درۆزن	كذاب
پشت	خلف ، ظهر
سبەی	غداً
ژێر	تحت
پیاوەتی	إنسانية
پیری	شيخوخة
پێچەوانە	عكس

وانەی دووەم
پیتی : چ ، ج ، ڕ ، ر

پیتی (چ)

ئەم وشانەی لای خوارەوە بە دەنگی بەرز بخوێنەو سەرنجی چۆنێتی بێژەی پیتی (چ) لەناویاندا بدە :

چاخ   چادر   چارە   چارەك

چارەنووس   چاك   چاکە   چالآو

چەپ   چەپاو   چەپڵە   چەتر

چەرم   چەشن   چەك   چەنەباز

چەند   چەو   چەوساوە   چرکە

چل   چنگ   چنین   چوار

چی ؟   چیا   چیرۆك   چیمەن

دەچم   دەرچوون   دەریاچە   دەمانچە

کۆچەر   کەوچك   کوچك   کووچە

گچکە   گورچیلە   گوێچکە   قارچك

لاوچاك   مەچەك   ناچار   نیمچە

هەرچۆن	هەڵچوون	وچان	وەچە
پاچ	خاچ	سووچ	قاچ
کچ	کۆچ	لچ	ماچ

پیتی (ج)

جادە	جار	جاران	جارجار
جاڕدان	جاڕس	جام	جان
جانتا	جانەوەر	جەخت	جەردە
جەرگ	جەژن	جەیران	جزدان
بێجگە	کونجی	مەنجەڵ	هەڵەبجە
ئیفلیج	باج	تاج	ساج
گەوج	فڕووج	هەلاج	هێلّنج

ڕستەکانی لای خوارەوە بخوێنەو سەرنجی پیتی (چ) لەناو وشەکاندا بدە :

١ - ئەمانە کوڕن یان کچن ؟

٢ - هەر چاکی چاکە .

٣ - لەکاتی باراندا چەتر بەکاردەهێنین .

٤ - چەم بێ چەقەڵ نابێ .

٥ - چەنەبازی ڕەوشتێکی جوان نییە .

٦ - چەند منداڵت هەیە ؟

٧ - ئەم دیوارە چەوتە .

٨ - سەعات چوارو چارەکە .

٩ - ساڵ چوار وەرزە .

١٠- وشەی چۆلەکە هاوواتای پاساری‌یە.

١١- بە سواری چی بۆ ماڵ دەڕۆیت؟

١٢- بە کەوچك نان دەخۆین .

١٣- من حەزدەکەم چیرۆك بنووسم .

پیتی (ڕ)

ئەم وشانەی لای خوارەوە بە دەنگی بەرز بخوێنەو سەرنجی چۆنێتی بێژەی پیتی (ڕ) لەناویاندا بدە :

ڕا	ڕادە	ڕاز	ڕاژە
ڕاستە	ڕاکردن	ڕاکێشان	ڕاو
ڕاونان	ڕەق	ڕەوت	ڕەوەند
ڕوو	ڕۆژ	ڕێ	ڕێزمان
بڕان	بڕوا	چاوەڕێ	سڕین
فڕی	کڕنووش	کڕین	ناوەڕۆك
بێفەڕ	بازاڕ	پڕ	تۆڕ
چڕ	خڕ	باوەڕ	تێپەڕ
تەڕ	چنگڕ	دڕ	زڕ
شەڕ	فەڕ	کڕ	کەڕ
کاوڕ	کەندڕ	لەڕ	وڕ

پیتی (ر)

ئەم وشانەی لای خوارەوە بە دەنگی بەرز بخوێنەو سەرنجی چۆنێتی بێژەی پیتی (ر) تیایاندا بدە :

ئاروو	ئارەزوو	ئۆردوگا	باریك
بەران	بردن	تاریك	ترسنۆك
دەرد	دەروازە	درۆزن	زیرەك
بەرد	زەرد	بەكارهێنان	مێرد
ژمارە	سەرباز	سروشت	عارف
كەروێشك	كردن	گەرماو	گریان
گورچیلە	مریشك	هەرزان	گران
بزمار	بەختیار	تیمار	دار
دڵدار	دوور	شار	هار
كۆچەر	گفتار	مار	نەوكەر
هاوسەر	هۆشیار	سنوور	چنار
بنار	كەلار	دیار	سوور
بیبەر	دەوروبەر	پوور	كار

ڕستەکانی لای خوارەوە بخوێنەو سەرنجی پیتی (ڕ) لەناو وشەکاندا بدە :

١- پەرداخەکە پڕبوو.

٢- ڕازی خۆت لای کەسانی تر ئاشکرا مەکە .

٣- خوا ڕاستەو ڕاستی دەوێت .

٤- ئایا دەزانیت زەوی خڕە ؟

٥- پەڕتەقاڵ میوەیەکی بەسوودە .

٦- ڕۆژ بیست و چوار سەعاتە .

٧- پاش بیست ڕۆژی دی بڕوانامە وەردەگرم .

٨- ناوەڕۆکی کتێبەکە باش بخوێنە .

٩- کۆترەکە فڕی.

١٠- باوکم ئوتومبیلێکی نوێی کڕی.

١١- وشە هەڵەکان دەسڕین.

١٢- من چاوەڕێی مامۆستا دەکەم.

ڕستەکانی لای خوارەوە بخوێنەو سەرنجی پیتی (ر) لەناو وشەکاندا بدە :

١ - ئەو منداڵە زۆر دەگری .

٢ - دلێر هاوسەری نەرمینە .

٣ - بەقسەی خۆش مار لەکون دەردێت .

٤ - ئارەزووەکانت چیین ؟

٥ - پزیشك نەخۆش چارەدەکات .

٦ - گوندەکەمان لە شارەوە دوورە .

٧ - تکایە پەردەی پەنجەرەکە دابخە .

٨ - هەرزان دژی گرانە .

٩ - عارف قوتابییەکی چالاکە .

١٠ - هەوای لادێ سرووشتییە .

١١ - درۆ ماوەی کورتە .

١٢ - شەوانی بێ مانگ تاریکە .

واتای وشەکانی وانەی دووەم

کوردی	عەرەبی
چاخ	سمين ، بدين / زمن ، عصر ، عهد
چارە	وجه / علاج
چارەنووس	مصير ، قدر
چاڵاو	بئر
چەپاو	نهب ، سلب ، فرهود
چەپڵە	تصفيق
چەرم	جلد ، جلد مدبوغ
چەشن	نوع ، نمط
چەك	سلاح
چەنەباز	ثرثار
چەو	حصىٰ ، حصو
چەوساوە	مضطهد
چرکە	ثانية
چنگ	مخلب
چنین	حياكة ، نسج / زرع
دەرچوون	تخرج/ خروج
دەریاچە	بحيرة
دەمانچە	مسدس
کۆچەر	مهاجر
کەوچك	ملعقة
کوچك	حجر

کووچه	زقاق
گورچیله	كِلية
گوێچکه	أُذن
قارچك	فطر
لاوچاك	شاب فاضل ، شاب نبيل
مەچەك	معصم
ناچار	مضطر
نیمچه	شبه
هەرچۆن	كيفما
هەڵچوون	اثارة
وچان	فاصل ، استراحة
وەچه	ذرية ، نسل
سووچ	زاوية
قاچ	قدم ، رجل
کۆچ	هجرة
لچ	شفة
ماچ	قُبلة
جاده	شارع
جار	مرة
جاران	من قبل ، سابقاً
جارجار ، جارەوبار	احياناً ، بين حين وآخر
جاڕدان	اعلان ، نداء
جاڕس	إزعاج / ملل

جام	زجاج ، قدح ، طاس ، كأس
جان	نفس ، روح
جانتا	حقيبة
جانەوەر	ذو روح / وحشي
جەخت	تأكيد
جزدان	محفظة يدوية
بێجگە	ما عدا
كونجی	سمسم
مەنجەڵ	قدر ، جدر
ئیفلیج	شلل
باج	ضريبة
تاج	تاج
ساج	صاج
گەوج	ابله ، احمق ، غبي
فڕووج	فروج
هەلاج	ندّاف
هێڵنج	تهوع ، تجشؤ
چەتر	مظلة ، شمسية
چەم	وادي
چەقەڵ	ابن آوى
چەوت	مائل
چۆلەكە ، پاساری	عصفور
سواربوون	ركوب

دەڕۆیت ، دەچیت	تذهب
ڕا	رأي
ڕادە	حد ، نسبة
ڕاز	سر
ڕاژە	خدمة
ڕاستە	مسطرة
ڕاکردن	ركض ، جري / هروب ، فرار
ڕاکێشان	سحب ، جر
ڕاو	صيد
ڕاونان	مطاردة ، ملاحقة
ڕەق	صلب ، قاسٍ
ڕەوت	مسار
ڕەوەند	ترحيل
ڕوو	وجه ، سيماء ، شكل
بڕان	قطع
بڕوا	عقيدة
چاوەڕێ	انتظار
سڕین	مسح ، محو
فڕی	طارَ
کڕنووش	ركوع

کڕین	شراء
ناوەڕۆك	محتويات
بێفەڕ	مذموم ، قبيح
پڕ	مملوء
تۆڕ	شبكة
چڕ	كثيف
خڕ	مستدير
باوەڕ	عقيدة ، اعتقاد
تێپەڕ	متعدٍ(قواعد)
تەڕ	مبلل ، رطب
چنگڕ	برثن ، مخلب
دڕ	شرس
زڕ	ربيب
شەڕ	حرب ، معركة ، خصام
فەڕ	خصب
کەڕ	اطرش ، اصم
کڕ	ساكت ، بلا حركة
کاوڕ	حمل ، خروف
کەندڕ	اخدود
لەڕ	نحيف

ورڕ	دائخ
ئارەزوو	رغبة
ئۆردوگا	مخيم
باريك	رفيع
بەران	كبش
بردن	اخذ
تاريك	ظلام ، مظلم
ترسنۆك	جبان
دەرد	آفة
دەروازە	باب كبير ، رتاج
درۆزن	كذّاب
زيرەك	ذكي ، عاقل ، شاطر
بەرد	حجَر
زەرد	اصفر
بەكارهێنان	استعمال ، استخدام
مێرد	زوج
ژمارە	عدد
گەرماو	حمّام
گريان	بكاء
هەرزان	رخيص ، بخس

بزمار	مسمار
بەختیار	بخيت ، محظوظ
تیمار	علاج
دڵدار	محب ، عاشق
کۆچەر	مهاجر
گفتار	تكلم ، كلام
مار	حية ، ثعبان
نەوکەر	خادم
هاوسەر	زوج
هۆشیار	واعي
سنوور	حدود
بنار	سفح الجبل
دیار	واضح ، معروف
دەورووبەر	بيئة
پوور	عمة ، خالة
کار	عمل
دەیەوێت	يريد ، يرغب
زەوی	ارض
بڕوانامە	شهادة
وەردەگرن	يستلمون

کڕی	اشترىٰ
هاوار	صياح ، نداء
دەردێت	يبرز ، يخرج
پزيشك	طبيب
گوند	قرية
دابخە ، ببەستە	اغلق
چالاك	نشيط

وانەی سێیەم

پیتی : ژ ، گ ، ك ، ڵ ، ل

پیتی (ژ)

ئەم وشانەی لای خوارەوە بە دەنگی بەرز بخوێنەو سەرنجی چۆنێتی بێژەی پیتی (ژ) تیایاندا بدە :

ژار	ژاکان	ژان	ژاوەژاوە
ژەبەش	ژەم	ژەن	ژمارە
ژن	ژوور	ژیان	ژیر
باژێر	باژێربانی	بژارکردن	بژارتن
بژی	پەرژین	ڕاژە	ڕەژوو
کەژاڵ	گرژبوون	مژدە	مژین
مێژوو	نژی	هەژدە	هەژمارتن
تیژ	گەلاوێژ	مێوژ	وروگێژ

ڕستەكانی لای خوارەوە بخوێنەو سەرنجی پیتی (ژ) لەناو وشەكاندا بدە :

١ - گەلاوێژ خوشكی شیرینە .

٢ - ئەم چەقۆیە تیژە .

٣ - ژن هاووڵاتای ئافرەتە .

٤ - قوتابخانەكەمان دە ژووری تێدایە .

٥ - حەز لە وانەی مێژوو دەكەم .

٦ - ژیان ئافرەتێكی دڵسۆزە .

٧ - ئەژدیها زیندەوەرێكی ترسناكە .

٨ - نژی هاووڵاتای نیسكە .

٩ - گۆشتی برژاو بەتامە .

١٠ - ئازاد لە نەوزاد درێژترە .

پیتی (گ)

ئەم وشانەی لای خوارەوە بە دەنگی بەرز بخوێنەو سەرنجی چۆنێتی بێژەی پیتی (گ) تیایاندا بدە :

گاڵدان	گامێش	گاوان	گاوڕ
گەشت	گەندەڵی	گرمە	گرێ
گشت	گواستنەوە	گورج	گورێس
ئاسمانگەڕ	بانگەشە	بێدەنگی	پیلان گێڕی
بێگەرد	تاقگە	ژینگە	مزگێنی
خۆڕاگری	ڕاستگۆ	ڕەگەز	ڕێگر
ئاستەنگ	بانگ	برژانگ	تەنگ
دەرەبەگ	دەنگ	ڕەنگ	زەنگ
سەگ	سەنگ	شەبەنگ	قەشەنگ
مانگ	مێرگ	نەهەنگ	هەنگ

پیتی (ک)

کا	کات	کار	کارخانە
کارگە	کاروان	کاش	کلیل
سەکۆ	ستەمکاری	شەکر	فێرکار
خاک	داک	سامناک	شک

ڕستەکانی لای خوارەوە بخوێنەو سەرنجی پیتی (گێ) لەناو وشەکاندا بدە :

١- گاو گامێش جۆرە ئاژەڵێکن .

٢- گاڵتە لەگەڵ منداڵدا مەکە .

٣- تاڤگەی سوڵاڤ قەشەنگە .

٤- سەگێ بۆ مرۆڤ بەوەفایە .

٥- سەنگێ هاوواتای بەردە .

٦- نەهەنگێ لەناو زەریادا دەژێت .

٧- لە بەهاردا هەور دەگرمێنێت .

٨- گلۆپەکە داگرسێنە .

٩- گوند هاوواتای دێیە .

١٠ – دەنگی دەهۆڵ لە دوورەوە خۆشە .

پیتی (ڵ)

ئەم وشانەی لای خوارەوە بە دەنگی بەرز بخوێنەو سەرنجی چۆنێتی بێژەی پیتی (ڵ) لەناویاندا بدە :

باڵا	بەڵا	بەڵام	بەڵەد
بڵاو	پەڵە	پیاڵە	پێڵاو
دەکووڵێ	دەڵێ	دڵڕەق	دووڵی
سڵاو	قەڵا	قەڵەو	کڵاوچی
میزڵدان	دۆمەڵان	وەڵام	وڵات
باڵ	بەتاڵ	تەڵ	تەپڵ
چاڵ	چۆڵ	خاڵ	خەیاڵ
دووکەڵ	زاڵ	ساڵ	کوڵ
کۆمەڵ	ماڵ	نەرمونۆڵ	یاڵ

پیتی (ل)

ئەم وشانەی لای خوارەوە بە دەنگی بەرز بخوێنەو سەرنجی چۆنێتی بێژەی پیتی (ل) لەناویاندا بدە :

لا	لابراو	لات	لاچوون
لاسایی	لاق	لانە	لاواز
لەڕ	لوول	بلوێر	پەلە
پشیلە	شلە	قالی	کەلەپچە
کەللە	کوللە	بچکۆلە	پسوولە
قل	کەل	قەل	مەل
شەل	تەل	زەل	هەل

ڕستەکانی لای خوارەوە بخوێنەو سەرنجی پیتی (ڵ) لەناو وشەکاندا بدە :

١- ساڵ دوازدە مانگە .

٢- دووکەڵ بێ ئاگر نابێت .

٣- کوڵ هاوواتای کورتە .

٤- مەلەکان کۆمەڵ کۆمەڵ فڕین .

٥- خوا لە بەڵا دوورت بخاتەوە .

٦- ئاو لە کانیدا بخۆرەوە بەڵام پیسی مەکە .

٧- قەڵای شێروانە لە ناوچەی کەلاردایە .

٨- وڵاتی ئێمە ڕەنگینە .

٩- سڵاوکردن ئەرکی سەرشانی مرۆڤە .

١٠- بە پیاڵە چای دەخوێنەوە .

١١- هەڵە چاوپۆشی لێ دەکرێ بەڵام زۆر نا .

١٢- مرۆڤی دڵڕەق ناپەسەندە .

ڕستەکانی لای خوارەوە بخوێنەو سەرنجی پیتی (ل) لەناو وشەکاندا بدە :

١ - زل هاووڵاتای گەورەیە .

٢ - ئەم قوتابییە شلوخاوە .

٣ - فیل گەورەترین ئاژەڵی سەر زەوییە .

٤ - لاقی لەقلەق درێژە .

٥ - ئەو مەڕە لاوازە .

٦ - وانەی خوێندنەوە لای من ئاسانە .

٧ - بە مەلەوانی لە ڕووبارەکەدا پەڕیمەوە .

٨ - شێر گیانلەبەرێکی دڕندەیە .

٩ - ملوانکی ئەو کچە زێڕە .

١٠ - لۆکەو پەموو هاووڵاتان .

واتای وشەکانی وانەی سێیەم

کوردی	عەرەبی
ژار	سم
ژاکان	تجعد ، تعفن ، ذبول
ژان	ألم
ژاوەژاوە	ضوضاء
ژەبەش	رقي
ژەم	وجبة طعام
ژەن	عزف / خض
ژمارە	عدد
ژیر	ذكي ، عاقل
بازێر	سوق / مدينة
بازێربانی	بلدية
بژارکردن	تنقيح
بژارتن	تعويض
پەرژین	سياج ، سور
راژە	خدمة
ڕەژوو	فحم
گرژبوون	مجعد ، متقلص
مژدە	بشرىٰ سارة
مژین	مص ، امتصاص
نژی	عدس
هەژمارتن	عَدّ
تیژ	حاد
مێوژ	زبيب
وڕوگێژ	غبي، ابله

دڵسۆز	مخلص
ترسناك	خطر
گاڵدان	تحريض ، تشجيع
گامێش	جاموس
گاوان	راعي البقر
گاوڕ	مسيحي
گەندەڵی	الفساد
گەشت	سفرة ، سياحة ، تجوال
گرمە	دوي
گرێ	عقدة
گشت	كل ، عام ، جميع
گواستنەوە	نقل
گورج	نشيط
بێگەرد	نظيف ، صاف
تاڤگە	شلال
ژینگە	بيئة
مزگێنی	بشارة
خۆڕاگری	صمود
ڕاستگۆ	صادق
ڕەگەز	عنصر

ڕێگر	حاجز
هەڵگەڕانەوە	تردد ، انقلاب
سەنگ	حجر
هەنگ	نحل
نەهەنگ	حوت
قەشەنگ	جميل
دەنگ	صوت
مانگ	قمر
مێرگ	واحة
برژانگ	رمش
شەبەنگ	طيف
ڕەنگ	لون
دەرەبەگ	اقطاعي
زەنگ	جرس
کا	تبن ، قش
کارخانە	مصنع
کارگە	معمل
کاروان	قافلة
کاش	نقد
کلیل	مفتاح

سەکۆ	مقعد ، منصة
ستەمکاری	ظلم
شەکر	سكر
فێرکار	طالب
خاك	تراب
داك	أُم ، والدة
سامناك	مخيف
شك	شك
گا	ثور
گاڵتە	مزاح
وەفا	وفاء
زەریا	محيط
هەور	غيمة ، سحاب
گڵۆپ	مصباح
دێ	قرية
دەهۆڵ	طبل
باڵا	قامة
بەلاَ	بلاء
بەڵام	لكن
بەڵەد	عارف

بلاْو	نشر
پەلْە	بقعة ، كسف / لطخة
پیالْە	استكان
پیْلاْو	حذاء
دلْڕەق	قاسي القلب ، فظ
دوودلْی	تردد
سلاْو	سلام ، تحية
قەلاْ	قلعة
قەلْەو	سمين
كلاْوچی	حيّال
میزلْدان	نفاخة
بالْ	ذراع ، ياردة / عضد / جناح
بەتالْ	فارغ
تەلْ	فخ ، مصيدة
تەپلْ	طبل / قمة
چالْ	حفرة
چۆلْ	فارغ ، خالي ، صحراء
خالْ	نقطة ، شامة / خال
خەیالْ	خيال
دووكەلْ	دخان

زاڵ	مسيطر ، متسلط
ساڵ	سنة
کوڵ	قصير
کۆمەڵ	مجموعة ، جمعية
نەرم ونۆڵ	رقيق وطري
یاڵ	قمة التل او الجبل / عرف الخيل
لا	جانب ، ناحية ، جهة
لابراو	مفصول ، منقول
لات	مفلس
لاچوون	ابتعاد ، ازاحة / فصل
لاسايی	تقليد
لاق	ساق ، رجل
لانە	عرين / عش
لاواز	ضعيف ، نحيل
لوول	ملفوف
بلوێر	مزمار ، ناي
پەلە	عجلة ، سرعة
پشیلە	قطة ، هر
شلە	مرق / سائل ، سوائل
قالی	سجادة

کەلەپچە	صفاد
کەللە	جمجمة
کوللە	جراد
بچکۆڵە	صغير
پسوولە	وصلْ
قل	جزء ، قطعة
کەل	مثلوم ، ناقص ، منكسر
قەل	ديك رومي
مەل	طير
شەل	اعرج
تەل	شبكة
زەل	بَرْدي (نبات)
هەل	فرصة
ڕەنگین	ملون
سەرشان	عاتق
چاوپۆشی	سماح ، عفو
ناپەسەند	رديء ، غير مرغوب
شل وخاو	خامل
مەڕ	خروف
مەلەوانی	سباحة

ڕووبار	نهر
پەڕیمەوە	عبرتُ ، اجتازيتُ
ملوانك	قلادة
لۆكە	قطن

وانەی چوارەم

پیتی : ۆ ، و ، ێ ، ی

پیتی (ۆ)

ئەم وشانەی لای خوارەوە بە دەنگی بەرز بخوێنەوە سەرنجی چۆنێتی بێژەی پیتی (ۆ) لەناویاندا بدە :

بۆخ	بۆر	بۆش	بۆڵ
بۆن	پۆزش	پۆشاك	پۆل
تۆخ	تۆز	تۆم	جۆر
جۆش	چۆك	چۆنەر	چۆن
خۆر	خۆش	خۆشاو	خۆشناو
خۆڵ	دۆخ	رۆخ	ڕۆن
زۆر	سۆز	شۆخ	شۆڕ
فۆرم	قۆڵ	كۆڵ	كۆم
كۆن	مۆز	نۆك	نۆكەر
بۆ	تاپۆ	تۆ	جۆ
خۆ	دۆ	شیركۆ	كڵۆ
كۆ	گۆ	لیمۆ	نۆ

پیتی (و)

ئاوا	دەرەوە	دەوار	دەوەن
دەوری	دوکان	ساوەر	قوم
کاوە	کاول	کوندەپەبوو	گورگ
نەوسن	هەروەها	وەرزش	شکاو
ئاوساو	تەواو	داو	چاو

ڕستەکانی لای خوارەوە بخوێنەو سەرنجی پیتی (ۆ) لەناو وشەکاندا بدە :

١- بۆ کام لا دەچیت ؟

٢- گەنم‌و جۆ دوو دانەوێڵەن .

٣- دۆ هاووڵاتای ماستاوە .

٤- شتەکانت کۆبکەرەوە .

٥- خۆری هاوین بەتینە .

٦- ئاوی دەریا شۆرە .

٧- ڕەنگی مۆز زەردە .

٨- خۆشناو کوڕێکی زیرەکە .

٩- مەڕەکە بدۆشە .

١٠- نیسک‌و نۆك بۆ مرۆڤ بەسوودن .

١١- براکەم لە پۆلی سێیەمدا دەخوێنێت .

١٢- کۆن دژی تازەیە .

١٣- بۆنی گوڵ خۆشە .

پیتی (ێ)

ئەم وشانەی لای خوارەوە بە دەنگی بەرز بخوێنەو سەرنجی چۆنێتی بێژەی پیتی (ێ) لەناویاندا بدە :

ئێمە	ئێوە	بێزار	بێڵ
بێن	پارەپێدان	پێتناڵێم	پێچ
پێرەکە	پێست	پێمە	تێر
تێکدان	تێکەڵ	جێگا	جێگر
چڵکن	چێشت	چێڵ	خێرا
خێزان	خێڵ	سێبەر	شێواز
شێواو	شێوە	کێچ	کێڵان
کێوی	گێچەڵ	گێسک	گێل
لێشاو	لێوار	مێرگا	مێز
مێژوو	مێش	مێشک	مێوژ
هێرش	هێز	هێواش	هێور
بێ	پێم بڵێ	جێ	جێ بەجێ
دەچێ	دەخولێ	دەکەوێ	دەمرێ
دەنوێ	دەوەستێ	دێ	ڕێ
سێ	سێ بەسێ	کێ	مێ

پیتی (ی)

ئەم وشانەی لای خوارەوە بە دەنگی بەرز بخوێنەو سەرنجی چۆنێتی بێژەی پیتی (ی) لەناویاندا بدە :

بیابان	بیستن	بینین	پیاز
پیلان	تیر	تیمار	جیهان
دیدە	دیلان	دیلانە	دینار
دیوار	ڕیخ	ڕیقنە	زیان
زیندان	زیندوو	سیخ	سیخوڕ
سیس	سینە	شیلان	ڤیان
قیرە	قین	گیرفان	لاستیك
نیان	نیشانە	نیمانە	نینۆك
نیو	یاخە	یاخی	یاد
یار	یازدە	یان	یانە
پی	دی	سی	شووتی

ڕستەکانی لای خوارەوە بخوێنەو سەرنجی پیتی (ێ) لەناو وشەکاندا بدە :

١- کێ هاتە ژوورەوە ؟

٢- نەخۆشەکە بێهێزە.

٣- ئیش و کارەکانت زوو جێبەجێبکە.

٤- ئەم کتێبە پێشکەشە بۆ تۆ.

٥- لەژێر سێبەری دارەکە حەسامەوە.

٦- باوکم هێشتا نەگەڕاوەتەوە.

٧- کرێکارەکە بەبێڵ ئیش دەکات.

٨- جێگری بەڕێوەبەری گشتی لە ژوورەوەیە.

٩- چێڵ هاوواتای مانگایە.

١٠- باخەوانەکە بۆ کێڵگە چوو.

١١- ئێمە نەوەی دوا ڕۆژین.

١٢- ئاوات هەمیشە زوو دەنوێت.

ڕستەکانی لای خوارەوە بخوێنەو سەرنجی پیتی (ی) لەناو وشەکاندا بدە :

١- حوشتر لە بیاباندا دەژێت.

٢- من لە بازاردا تۆم دی .

٣- کیلۆیەك تەماتە بە هەزار دینارە.

٤- دیواریش گوێی هەیە.

٥- کارە باشەکانت هەرگیز لە یادم ناچێت.

٦- یاری لەگەڵ منداڵدا مەکە.

٧- یاری بە ئاگر مەکە.

٨- بەیانیان پەنیر لەگەڵ چایدا دەخۆین.

٩- ڕەنگی سپی بێخەوشە.

١٠- سەرفرازی ئاواتی هەموانە.

واتای وشەکانی وانەی چوارەم

کوردی	عەرەبی
بۆخ	بوخة
بۆڕ	بني
بۆش	فارغ
بۆڵ	عنقود
بۆن	رائحة
پۆزش	اعتذار
پۆشاك	كسوة
پۆل	صف / جماعة ، سرب
تۆخ	غامق
تۆز	تراب
تۆم	بذر
جۆر	نوع
جۆش	حماس
چۆك	رُكبة
چۆن ؟	كيف ؟
خۆر	شمس
خۆش	طيب
خۆشاو	عصير

خۆشناو	اسم جميل
خۆڵ	تراب
دۆخ	حالة ، كيفية ، وضع
ڕۆخ	ساحل
ڕۆن	دهن
سۆز	عطف
شۆخ	رشيق ، انيق
شۆڕ	متدل ، المتدلي
فۆرم	استمارة
قۆڵ	ذراع
كۆڵ	كتف
كۆم	حدبة ، احدب
كۆن	قديم
مۆز	موز
نۆك	حمص
نۆكەر	خادم
خۆ	انا ، نفس
دۆ	مخيض ، لبن الخض ، شنينة
شێركۆ	أسد الجبال
كلۆ	قطعة ، قرص ، كتلة
كۆ	جمع
گۆ	كرة

نۆ	تسعة
ئاوا	عامر / هكذا
دەرەوە	خارج
دەوار	خيمة
دەوەن	احراش ، شجيرة
دەوری	اناء ، وعاء ، صحن
دوکان	محل
ساوەر	برغل
قوم	جرعة
کوندەپەبوو	بوم ، بومة
گوڵ	وردة
گورگ	ذئب
نەوسن	نهم ، شره
هەروەها	كذلك
وەرزش	رياضة
ئاوساو	متورم ، منتفخ
تەواو	صحيح / كامل
داو	مصيدة
شکاو	مكسور

دانەوێڵە	حبوب
کۆبکەرەوە	اجمع
بەتین	قوي
بدۆشە	احلب
نیسك	عدس
ئێمە	نحن
ئێوە	انتم
بێزار	منزعج
بێڵ	مسحاة
بێن	رائحة
پارەپێدان	تمويل
پێت ناڵێم	لا اقول لك
پێچ	لوي
پێرەکە	اول امس
پێست	جلد
پێمە	عندي
تێر	شبعان
تێکدان	تخريب ، تهديم
تێکۆشین	سعي ، محاولة ، كد
جێگا	مكان

چڵك	وساخة ، دناسة
چێشت	اكل مطبوخ
خێرا	سرعة
خێزان	عائلة
خێڵ	عشيرة ، قبيلة
سێبەر	ظل
شێواز	هيئة ، نمط
شێت	مجنون
شێوە	شكل ، مظهر
كێچ	برغوث
كێڵان	حرث
كێوی	جبلي
گێچەڵ	بلاء ، آفة
گیسك	جدي
گێل	احمق ، غبي
لێشاو	سيلان ، فيضان ، بكثرة
لێوار	حافة
مێز	منضدة ، طاولة
مێژوو	تأريخ / مادة التاريخ
مێش	ذبابة

مێشك	مخ ، ذهن ، عقل
هێرش	هجوم
هێز	قوة
هێواش	بطئ
پێم بڵێ	قل لي
جێبەجێ	فورًا
دەچێ ، دەڕوا	يذهب
دەخولێ	يدور
دەکەوێ	يقع ، يسقط
دەمرێ	يموت
دەنوێ	ينام
دەوەستێ	يتوقف
سێبەسێ	ثلاثي
کێ؟	من ؟
مێ	انثى ، مؤنث
بیابان	صحراء
بیستن	السمع
بینین	الرؤية
پیران	شيوخ
تیر	سهم

جیهان	عالَم
دیده	بصر ، عين
دیلان	غناء ، نغمة
دیلانه	إرجوحة ، مرجوحة
ڕیخ	حصو
زیان	ضرر
زیندان	سجن
زیندوو	حي
سیخ	سفود
سیخوڕ	جاسوس
سیس	ذابل
شێلان	دلك ، فرك ، عجن
سینه	صدر
شیلان	مرجان ، ورد لون احمر ، خرز لون احمر
قیڕه	صياح
قین	غيظ ، بغض ، حقد
گیرفان	جيب
لاستیك	مطاط
نیان	ناعم ، رقيق
نیشانه	اشارة

نیمانه	لا یوجد لدینا
نینۆك	إظفر
نیو	نصف
یاخه	یاقة
یاد	ذِکر / ذکریٰ
یار	حبیب
یانه	نادي
پی	شحم
چی؟	ماذا ؟
دی	آخر
بیٚهیٚز	ضعیف القوة
پیٚشکه‌ش	اهداء
هیٚشتا	لا یزال
جیٚگر	نائب
به‌ڕیٚوه‌به‌ر	مدیر
نه‌وه	جیل
دوارِۆژ	مستقبل
گویٚ	أُذن
هه‌رگیز	ابداً ، قطعاً

وانەی پێنجەم

أ- ئەم ڕستە جۆراوجۆرانەی لای خوارەوە بە وردی بخوێنەو سەرنجی ڕاناوی دەستنیشانکردنی تیایاندا بدە:

ئەمە یەك دەرگایە — ئەمانە دەرگان

ئەمە یەك دیوارە — ئەمانە دیوارن

ئەمە یەك وێنەیە — ئەمانە وێنەن

ئەوە یەك كتێبە — ئەوانە كتێبن

ئەوە یەك پشیلەیە — ئەوانە پشیلەن

ئەوە یەك سەگە — ئەوانە سەگن

ئەمە چی یە ؟ — ئەمە یەك سێوە

ئەوە چی یە ؟ — ئەوە یەك مندالّە

ئەمە چی یە ؟ — ئەمە یەك سەگە

ئەوە چی یە ؟ — ئەوە یەك مریشكە

ئەمانە چین ؟ | ئەمانە سێون
ئەوانە چین ؟ | ئەوانە منداڵن
ئەمانە چین ؟ | ئەمانە سەگن
ئەوانە چین ؟ | ئەوانە مریشکن

ئایا ئەمە یەك سێوە ؟ | بەڵێ ، ئەمە یەك سێوە
ئایا ئەوە یەك منداڵە ؟ | بەڵێ ، ئەوە یەك منداڵە
ئایا ئەمە یەك پەنجەرەیە ؟ | نەخێر ، ئەمە یەك پەنجەرە نی یە ، ئەمە یەك وێنەیە
ئایا ئەوە یەك کوڕە ؟ | نەخێر ، ئەوە یەك کوڕ نی یە ، ئەوە یەك کچە

ئایا ئەمانە سێون؟ | بەڵێ ، ئەمانە سێون
ئایا ئەوانە منداڵن ؟ | بەڵێ ، ئەوانە منداڵن
ئایا ئەمانە پەنجەرەن ؟ | نەخێر ، ئەمانە پەنجەرە نین ئەمانە وێنەن
ئایا ئەوانە کوڕن ؟ | نەخێر ، ئەوانە کوڕ نین ئەوانە کچن

ب- ئەم رستانەی لای خوارەوە بخوێنەو سەرنجی وشە سوورەکان بدە :

١- پاساری‌یەکە لەسەر دارەکەدایە.

٢- پشیلەکە لەژێر مێزەکەدایە .

٣- کامەران لە تەنیشت ئەحمەد دانیشتووە .

٤- ماڵمان لە پشتی قوتابخانەکەدایە .

٥- من لە بەردەم هاورێیەکەم ڕاوەستاوم .

٦- ئاسۆ لای مامەی ئیش دەکات .

٧- ئاوات بۆ مۆزەخانە دەڕوات .

٨- مامۆستاکان لە شاری بەسرەدا گەڕانەوە .

٩- زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە .

١٠- گەلاوێژ لە نێوان کانی و ڤیاندا دانیشتووە .

وانەی شەشەم

ئەم ڕستانەی لای خوارەوە بخوێنەو سەرنجی ئەو کردارانە بدەکە تیایاندایە :

١- ئازاد بۆ قوتابخانە چوو .

٢- شیرین گۆشت دەبرژێنێت .

٣- ئیشەکانم زوو تەواوکرد .

٤- سەوزەفرۆش میوە دەفرۆشێت .

٥- ئاوات پەنجەرەکەی داخست .

٦- ئارام هەمیشە لە کاتژمێری دەدا دەخەوێت .

٧- باڵندەکان پۆل پۆل فڕین .

٨- نەسرین یارمەتی دایکی دەدات .

٩- قوتابیەکان وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە .

١٠- کاسە پڕبوو لێی دەرژێت .

واتای وشەکانی وانەی پێنجەم و شەشەم

کوردی	عەرەبی
دەستنیشانکردن	إشارة
چییە ؟	ماذا؟
لەسەر	فوق
لەژێر	تحت
لەتەنیشت	بجانب
دانیشتووە	جلس
پشت	خلف ، وراء / ظهر
بەردەم	امام
لەلای	عند
بۆ	الى
لە	من
دەسووڕێتەوە	تدور
دەور	حول
کردار ، فرمان	فعل
چوو	ذهبَ
دەبرژێنێت	يشوي
تەواوکردن	اكمال ، انهاء ، انجاز
سەوزە فرۆش	بقال
داخستن	إغلاقَ
هەمیشە	دائماً ، ابداً
دەخەوێت	ينام
فڕی	طار
یارمەتی دەدات	تساعد
دەڕژێت	يسكب

بەشی ڕێزمان

١- جێناوی کەسی جودا (سەربەخۆ) .

٢- جێناوی کەسی لکاو

٣- ناو لە ڕووی ژمارەوە :
ناوی تاكو ناوی کۆ

٤- ناو لە ڕووی ناسینەوە :
ناوی ناسراوو ناوی نەناسراو .

٥- ئامرازی پرس

٦- دەمەکانی کردار :
١- کرداری ڕابوردوو
٢- کرداری ڕانەبوردوو
٣- کرداری داخوازی

٧- ئاوەڵکردار

وانەی یەکەم

جێناو (ڕاناو)

جێناوی کەسی جودا (سەربەخۆ)

- من کتێبی بەسوود دەخوێنم .
- ئێمە کتێبی بەسوود دەخوێنین .

- تۆ کرێکارێکی دڵسۆزیت .
- ئێوە کرێکارێکی دڵسۆزن .

- ئەو ئەندازیارێکی چالاکە .
- ئەوان ئەندازیارێکی چالاکن .

ڕاڤەکردن

جێناوی (من) لە ڕستەی (من کتێبی بەسوود دەخوێنم)دا سەربەخۆ دەگوترێت و لەجیاتی ئەو کەسە بەکار هێنراوە کە قسەدەکات (دەدوێت) .

جێناوی (ئێمە) لە ڕستەی (ئێمە کتێبی بەسوود دەخوێنین)دا سەربەخۆ دەگوترێت و لە جیاتی ئەو کەسانە بەکارهێنراون کە قسەدەکەن (دەدوێن) .

جێناوی (تۆ) لە ڕستەی (تۆ کرێکارێکی دڵسۆزیت)دا سەربەخۆ دەگوترێت و لەجیاتی ئەو کەسە بەکارهێنراوە کە دەدوێنرێت.

جێناوی (ئێوە) لە ڕستەی (ئێوە کرێکارێکی دڵسۆزن)دا سەربەخۆ دەگوترێت و لەجیاتی ئەو کەسانە بەکارهێنراوە کە دەدوێنرێن .

جێناوی (ئەو) لە ڕستەی (ئەو ئەندازیارێکی چالاکە)دا سەربەخۆ دەوترێت و لەجیاتی ئەو کەسە بەکارهێنراوە کە باسی دەکەین (لێی دەدوێین) .

جێناوی (ئەوان) لە ڕستەی (ئەوان ئەندازیارێکی چالاکن)دا سەربەخۆ دەوترێت و لەجیاتی ئەو کەسانە بەکارهێنراوە کە لێیان دەدوێین) .

پێناسە :

جێناوی کەسی جودا : ئەو جێناوەیە کە لە ڕستەدا سەربەخۆ دەنووسرێت و دەخوێندرێت.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە سەیری ئەم خشتەیەی لای خوارەوە بکە :

کەس	تاك	کۆ
یەکەم	من	ئێمە
دووەم	تۆ	ئێوە
سێیەم	ئەو	ئەوان

ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانەی لای خوارەوە جێناوی سەربەخۆ دیاری بکە :

١- ئەو گۆڤار دەخوێنێت .

٢- مامۆستاکەی ئێوە بەڕێزە .

٣- من باوکم خۆشدەوێت .

٤- ئەوان حەز لە ماسی دەکەن .

٥- مامۆستاکە بە ئێمەی وت ئافەرین .

٦- کە من ڕۆشتم ئەو هات .

ڕاهێنانی (٢)

ئەم بۆشایی‌یانەی لای خوارەوە بە جێناوی (من ، ئێمە) پڕبکەرەوە :

١- - - - - - - - - پزیشکێکی دڵسۆزین .

٢- - - - - - - - - کارەکانمان زوو ئەنجام دەدەین .

٣- - - - - - - - - ڕێز لە باوکم دەگرم .

٤- - - - - - - - - دەچین بۆ مۆزەخانە .

٥- - - - - - - - - ئەندازیارێکی زیرەکم .

٦- - - - - - - - - زوو لە خەو هەڵدەستین .

ڕاهێنانی (٣)

ئەم بۆشایی‌یانەی لای خوارەوە بە جێناوی جودای (تۆ ، ئێوە) پڕبکەرەوە :

١ ـ .... دارتاشێکی کارامەیت .

٢ ـ .... بۆ شاری بەسرە دەچن .

٣ ـ دایکم وتی ....منداڵێکی پاکن .

٤ ـ .... خێرا دەنووسن .

٥ ـ .... فەرمانبەرێکی ڕەوشتداری .

ڕاهێنانی (٤)

ئەم بۆشایی‌یانەی لای خوارەوە بە جێناوی جودای (ئەو ، ئەوان) پڕبکەرەوە:

١ ـ .... هەمیشە پێدەکەنێت .

٢ ـ .... لەسەر دیوارەکەدا دابەزی .

٣ ـ .... بە پێ بۆ گوند دەچن .

٤ ـ .... منداڵێکی جوانکیلەن .

٥ ـ لە گەشتو گوزار .... گەڕایەوە .

ڕاهێنانی (٥)

ئەم جێناوە کەسی یە سەربەخۆیانەیەی لای خوارەوە لە ڕستەی بەسووددا بەکاربهێنە :

(ئەوان ، من ، ئەو ، ئێوە ، تۆ)

واتای وشەکان

واتاکەی	وشە
ضمير	جێناو (ڕاناو)
منفصل	جودا (سەربەخۆ)
أنا	من
أنتَ ، أنتِ	تۆ
هو ، هي	ئەو
نحن	ئێمە
أنتم ، أنتن	ئێوە
هم ، هنَّ	ئەوان
شرح	ڕاڤەکردن
يتحدث ، يتكلم	قسەدەکات(دەدوێت)
يُحدِّث له	دەدوێنرێت
نتحدث عنه	لێی دەدوێین
نتحدث عنهم	لێیان دەدوێین
جدول (الرياضيات)	خشتە
شخص	کەس
مفرد	تاك
جمع	کۆ
مجلة	گۆڤار

بەڕێز	محترم
بە ئێمەی وت	قال لنا
ڕۆشتم	ذهبتُ
هات	أتى ، جاء
کارەکانمان	أعمالنا
ئەنجام بدەین	ننجز ، ننفذ
کارامە	ماهر
ڕەوشتدار	خلوق
دابەزی	نزلَ
گوند ، دێ ، ئاوایی	قرية ، ريف
جوانکیلە	جميل ، محبوب
گەشت وگوزار	سياحة

وانەی دووەم

جێناوی کەسی لکاو

- أ -

١ - دەتوانم بڕۆمە دەرەوە ؟

٢ - هەنجیرەکەمان خوارد .

٣ - کاوە پەنجەرەکەی داخست .

٤ - قوتابی یەکان وانەکەیان نووسی .

٥ - کراسەکەت تۆزێك درێژە .

٦- کەی قوتابخانەکەتان دەکرێتەوە .

تێبینی :

ئەم جۆرە جێناوە لکاوانە (م ، مان / ت ، تان / ی ، یان) لەگەڵ کاری ڕابوردووی تێپەڕ بەکاردەهێنرێن .

ڕاڤەکردن :

جێناوی لکاوی (م) لە ڕستەی (دەتوانم بڕۆمە دەرەوە)دا لەجیاتی کەسێك بەکارهاتووە کە قسەدەکات (دەدوێ) .

جێناوی لکاوی (مان) لە ڕستەی (هەنجیرەکەمان خوارد)دا لەجیاتی کەسانێك بەکارهاتووە کە دەدوێن ، بەلاَم لەبەر ئەوەی کە نابێژرێت تەنها لەگەڵ وشەیەکی تردا نەبێت ، پێی دەوترێت (جێناوی لکاو) .

جێناوی لکاوی (ی) لە ڕستەی (کاوە پەنجەرەکەی داخست)دا لەجیاتی ئەو کەسە بەکارهێنراوە کە لێی دەدوێین بەلاَم لەبەر ئەوەی کە سەربەخۆ نابێژرێت دەخرێتە پاڵ وشەیەکی ترەوە ، پێی دەگوترێت (جێناوی لکاو) .

جێناوی لکاوی (یان) لە ڕستەی (قوتابی‌یەکان وانەکەیان نووسی)دا بۆ ئەو کەسانە بەکارهاتووە کە لێیان دەدوێین لەبەر ئەوەی کە سەربەخۆ نابێژرێت دەخرێتە سەر وشەیەکی تر ، پێی دەوترێت (جێناوی لکاو) .

جێناوی لکاوی (ت) لە ڕستەی (کراسەکەت تۆزێك درێژە)دا لەجیاتی ئەو کەسە بەکارهێنراوە دەدوێنرێت بەڵام لەبەر ئەوەی بەتەنها نابێژرێت دەخرێتە پاڵ وشەیەکی ترەوە ، پێی دەوترێت (جێناوی لکاو) .

جێناوی لکاوی (تان) لە ڕستەی (کەی قوتابخانەکەتان دەکرێتەوە)دا لەجیاتی ئەو کەسانە بەکارهێنراوە دەدوێنرێن لەبەر ئەوەی کە سەربەخۆ نابێژرێت دەخرێتە پاڵ وشەیەکی ترەوە ، پێی دەوترێت (جێناوی لکاو) .

ئەم خشتەیەی لای خوارەوە ئەوە ڕوون دەکاتەوە:

کەس	تاك	کۆ
یەکەم	م	مان
دووەم	ت	تان
سێیەم	ی	یان

جێناوی کەسی لکاو

- ب -

١ - من دەچم .

٢ - ئێمە دەچین .

٣ - تۆ دەچیت .

٤ - ئێوە دەچن .

٥ - ئەو دەچێت .

٦ - ئەوان دەچن .

تێبینی : ئەم جۆرە جێناوە لکاوانە لەگەڵ کاری ڕانەبوردووی تێنەپەڕو تێپەڕ و کاری ڕابوردووی تێنەپەڕ بەکاردەهێنرێن .

ڕاڤەکردن :

ئەگەر سەیری ڕستەکانی سەرەوە بکەین دەبینین جۆرێکی تری جێناوی لکاون ، لە زمانی کوردیدا کە بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاك و کۆ بەکاردەهێنرێن ، سەرنجی خشتەکەی لای خوارەوە بدە :

کەس	تاك	کۆ
یەکەم	م	ین
دووەم	یت	ن
سێیەم	ێت ، ات	ن

دەستوور :

جێناوی لکاو : ئەو جێناوەیە ، ئەگەر نەخرێتە پاڵ وشەیەکی ترەوە ناتوانرێت بە تەنیا بگوترێت و لەجیاتی کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاك و كۆ بەكاردەهێنرێن ، لە جیای کەسێك یان شتێك بەكاردەهێنرێن کە بدوێت یا بدوێنرێت یا لێی بدوێین .

ڕاهێنانی (١)

ئەمانەی لای خوارەوە بە جێناوی لکاوی (م ، مان) تەواوبکە :

١ - بە سواری پاس بۆ بازاڕ ڕۆشتـ------ .

٢ - ئاواز وتی دایە مانگاکە ------- دۆشی .

٣ - خێزانەکە ------- لە شاری سەماوە گەڕانەوە .

٤ - پەروین وتی من و نازەنین نانـ------ خوارد .

٥ - من زوو لە خەو هەستا ------ .

ڕاهێنانی (٢)

ئەمانەی لای خوارەوە بە جێناوی لکاوی (ت ، تان) تەواوبکە :

١ - تۆ ڕەنگی کڵاوەکە ------ شینە.

٢ - ئێوە وانەکە ------ لەبەر کرد .

٣ - ئەحمەدی هاوسێـ------ پزیشکە یان ئەندازیار .

٤ - براکانم کەی باخچەکە ------ خاوێن کردەوە ؟

٥ - تۆ زانیـ------ ئەو چی دەڵێت ؟

ڕاهێنانی (٣)

ئەمانەی لای خوارەوە بە جێناوی لکاوی (ی ، یان) تەواوبکە :

١- بازرگانەکان پارەکانـ ــــــ کۆکردەوە .

٢- کامەران ئەسپەکە ـــــــــ شۆرد .

٣- پەری قژ ـــــــــ داهێنا .

٤- سەربازەکان پشوو ـــــــ وەرگرت .

٥- منداڵەکە ــــــــ نەسرین شیر دەخوات .

ڕاهێنانی (٤)

ئەمانەی لای خوارەوە بە جێناوی لکاوی (م ، ن ، ین ، ت ، ێت)
تەواوبکە :

١ - لە وەرزی هاویندا جاسم بۆ شەقڵاوە دەچـ ـــــــ .

٢ - برا بچکۆلەکەم دەڵێت بچـ ـــــ بۆ مزگەوت ؟

٣ - ئازاد وتی حەزدەکەم شووتی بخۆ ....

٤ - ئێوە بۆ کام لا دەچـ ـــــــ ؟

٥ - دایکم وتی کچەکەم وانەکە ـــــ نووسی ؟

ڕاهێنانی (٥)

(أ)   هات

(ب)   هاتم   هاتین

هاتیت   هاتن

هات   هاتن

تۆش ئەم کردارانە وەك وێنەی (ب) لێ بکە (گەیشت ، کەوت ، بوو)

ڕاهێنانی (٦)

لەم جێناوە لکاوانەی خوارەوە ڕستەی بەسوود پێك بهێنە :

(تان ، ین ، ی ، ێت)

واتای وشەکان

کوردی	عەرەبی
جێناوی لکاو	ضمير متصل
دەتوانم	استطيع
تۆزێك	قليلاً
تەنها	فقط
نابێژرێت	لا يقال
پاڵ	جنب
لەپاڵ	بجانب

وانەی سێیەم

(ناو لە ڕووی ژمارەوە)

(أ) ناوی تاكو ناوی كۆ

ناوی تاك (أ)	ناوی كۆ (ب)
شار	شاران
شاخ	شاخان
برادەر	برادەران
گەڵا	گەڵایان
چەقۆ	چەقۆیان
دێ	دێیان
كانی	كانییان
پەنجەرە	پەنجەران
بەڕوو	بەڕووان
پەموو	پەمووان

ڕاڤە :

ئەگەر سەرنج بدەینە وشەكانی (شار ، شاخ ، برادەر ، گەڵا ، چەقۆ ، دێ ، كانی ، پەنجەرە ، بەڕوو ، پەموو) كە لە كۆمەڵەی (أ)دا هەن هەموویان ناونو هەریەكەیان تاكێك پیشان دەدات بۆیە پێی دەوترێت (ناوی تاك) بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە وشەكانی كۆمەڵەی (ب)كە بریتین لە (شاران شاخان ، برادەران ، گەڵایان ، چەقۆیان ، دێیان ، كانییان ، پەنجەران ، بەڕووان

پەمووان) هەریەکەیان تاکێك پیشان دەدەات بۆیە پێیان دەوترێت (ناوی کۆ)

١ـ لە زمانی کوردیدا نیشانەی کۆ بریتییە لە (ا ن) کە هەمیشە دەکەوێتە کۆتایی ئەو وشەیەی کە دەمانەوێت کۆی بکەینەوە ، ئەگەر هاتوو دوا پیتی وشەکە بە پیتی نەبزوێن کۆتایی پێ هاتبێت ئەوا نیشانەی کۆی (ان)ی بۆ زیاددەکەین واتە بەبێ گۆڕان دەخرێتە سەری بۆ نموونە :

شار ـ شاران ، شاخ ـ شاخان

٢- ئەگەر ناوی تاك کۆتایی بە پیتی بزوێن هاتبێت ئەوا دیسان بەهۆی نیشانەی (ان)ەوە بە یاریدەی پیتی (ی) دەکرێت بە ناوی کۆ وەك :

گەڵا ـ گەڵایان

چەقۆ ـ چەقۆیان

دێ ـ دێیان

کانی ـ کانییان

٣- ئەگەر ناوی تاك بە پیتی بزوێنی (ە) هاتبێت ئەوا بزوێنەکە لادەبرێت و بەهۆی نیشانەی (ان)ەوە دەکرێت بە ناوێکی کۆ وەك :

پەنجەرە- پەنجەران

تەختە ـ تەختان

٤ـ ئەگەر ناوی تاك بە پیتی بزوێنی (وو) کۆتایی هاتبێت ئەوا دیسان ناوە تاکەکە بەهۆی نیشانەی (ان)ەوە دەکرێت بە ناوی کۆ وەك :

پەموو – پەمووان

بەڕوو – بەڕووان

دەستوور

١ـ ناوی تاك : بەو ناوانە دەوترێت کە بۆ تاکەکەسێك یان بۆ تاکە شتێك بەکاردێت .

٢ـ ناوی کۆ : بەو ناوانە دەوترێت کە بۆ کۆمەڵە کەسێك یان کۆمەڵە شتێك بەکاردێن کە لە دوو شت یان دوو کەس زیاتر بێت.

ڕاهێنانی (١)

ئەم ناوە تاکانەی خوارەوە بکە بە ناوی کۆ :

شێر ، کیژ ، ژن ، پرد ، پیاو

ڕاهێنانی (٢)

ئەم ناوە کۆیانەی خوارەوە بکە بە ناوی تاك :

ئەستێران ، سێوان ، هەرمێیان

ڕاهێنانی (٣)

ئەم ناوانەی لای خوارەوە لە ڕستەدا بەکاربهێنە :

ئافرەتان ، گەنج ، قوتابیان ، کرێکار

ڕاهێنانی (٤)

ئەم ناوە تاکانەی خوارەوە بکە بە ناوی کۆ :

ماسی ، جۆ ، مامۆستا ، دەرگا ، شارەزا

وانەی چوارەم

ناو لە ڕووی ناسینەوە

ناوی نەناسراوو ناوی ناسراو

زنجیرە	ناوی نەناسراو	ناوی ناسراو
١	کوڕ	کوڕەکە
	داس	داسەکە
	ماڵ	ماڵەکە
٢	چرا	چراکە
	ترێ	ترێکە
	هەڵۆ	هەڵۆکە
	پەردە	پەردەکە
٣	پەموو	پەمووەکە
	قەیسی	قەیسییەکە

خستنەڕوو :

خوێندکاری خۆشەویست :

١ـ ئەگەر بە وردی سەرنجی وشەکانی دەستەڕاست بدەیت کە لە کۆمەڵەی ژمارە (١)دا تۆمارکراون ، بریتین لە ناوی نەناسراو ، ئەم ناوانە بەهۆی

نیشانەی (ـ ەکە) کراون بە ناوی ناسراو وەك :

(کوڕ ←―― کوڕەکە ، داس ←―― داسەکە ، ماڵ ←―― ماڵەکە) .

٢-وشەی (چرا ، ترێ ، هەڵۆ ، پەردە) ناوی نەناسراون کە لە کۆمەڵەی ژمارە (٢)دا تۆمارکراون دەبینین کۆتایی ناوەکان بە دەنگەکانی (ا ، ێ ، ۆ ، ە) هاتووە بەهۆی نیشانەی (ـ کە) کراوە بە ناوی ناسراو وەك :

(چرا ←―― چراکە ، ترێ ←―― ترێکە ،
هەڵۆ ←―― هەڵۆکە ، پەردە ←―― پەردەکە)

٣-لە کۆمەڵەی ژمارە (٣)دا وشەکانی (پەموو ، قەیسی) ناوی نەناسراون ، کۆتاییان بە دەنگەکانی (وو ، ی) هاتووە ، هەر ناوێکیش وا بێت وەك ناوەکانی ژمارە ( ) بە نیشانەی (ـ ەکە) دەکرێت بە ناوی ناسراو وەك :

پەموو ←―― پەمووەکە ، قەیسی ←―― قەیسییەکە،
ترازوو ←―― ترازووەکە ، کانی ←―― کانییەکە

دەستوور

١- ناوی نەناسراو : ئەو ناوەیە کە بۆ تاکێك و بۆ هەموو هاوچەشنەکانی ئەو ناوە بەکاردێت و ناوی کەسێك یان شتێکی دیاری کراوە ناسراو دەردەخات .

٢-ناوی ناسراو : ئەو ناوەیە کە لە ناو هاوچەشنەکانی خۆیدا بە ئاسانی جیادەکرێتەوە چونکە ناوێکی دیاری کراوی زانراو دەردەخات .

ڕاهێنانی (١)

ئەم ناوە نەناسراوانەی لای خوارەوە بکە بە ناوی ناسراو :

مریشك ، نان ، ماسی ، چەقۆ ، ڕێوی ، دەزوو

ڕاهێنانی (٢)

ئەم ناوە ناسراوانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە :

چیرۆکەکە ، کاوڕەکە ، چەترەکە ، دەرگاکە ، پزیشکەکە

ڕاهێنانی (٣)

ئەم ناوە نەناسراوانەی لای خوارەوە لە ڕستەدا بەکاربهێنە :

هەنار ، شاخ ، دەرگا ، دەوری ، دێ

واتای وشەکان

وشە	واتاکەی
کۆمەڵە	مجموعة
داس	منجل
چرا	فانوس
هەڵۆ	عقاب (طير العقاب)
پەموو	قطن
قەیسی ، زەردەلوو	مشمش
تۆمارکردن	تسجيل ، تدوين
بریتییە لە	عبارة عن
دەزوو	خيط
هاوچەشن ، هاوشێوە	متشابه
زانراو	معروف ، معلوم

وانەی پێنجەم

ئامرازی پرس

ئایا بە کوردی باش دەدوێیت (قسە دەکەی) ؟

کەی هەنجیر پێدەگات ؟

کێ وانەکەی خوێندەوە ؟

لە کوێ بوویت ؟

کام قوتابی زیرەکە ؟

کتێبەکە کوا ؟

هەورامان بە چی بەناوبانگە ؟

چۆن هاتیت ؟

چەند پارێزگا لە عیراقدا هەیە ؟

خستنەڕوو :

ئایا : بۆ چەمکی (مەفهومی) ڕستەکە پرسیاری پێ دەکرێت .

کەی: بۆ کاتێك پرسیاری پێ دەکرێت .

کێ : دەربارەی کەسێك پرسیاری پێ دەکرێت .

کوێ: بۆ شوێنێك پرسیاری پێ دەکرێت .

کام : بۆ دەستنیشانکردنی نێوان دوو کەس یان دوو شت یان زیاتر پرسیاری پێ دەکرێت .

کوا : بۆ شوێن پرسیاری پێ دەکرێت .

چۆن: بۆ چۆنێتیو هەواڵ پرسیاری پێ دەکرێت .

چی (چ): بۆ شتێك پرسیاری پێ دەکرێت .

چەند: دەربارەی ژمارەو ئەندازەیەك پرسیاری پێ دەکرێت .

ڕاهێنانی (١)

ئەم بۆشاییانەی لای خوارەوە بە وشەیەکی پرس پڕبکەرەوە :

١- ....نەمامەکەی لە باخەکەدا ناشت ؟

٢- تۆ.........هاتیت ؟

٣- ئەوان.........چوون ؟

٤- ....کتێبت خوێندەوە ؟

٥- بە.........دەڕۆیت بۆ فەرمانگە ؟

٦- لە............ساڵێك لەدایكبوویت ؟

ڕاهێنانی (٢)

ئەم ئامرازە پرسانەی لای خوارەوە لە ڕستەدا بەکاربهێنە :

(ئایا ، چۆن ، چەند ، کام ، کوێ ، چی)

ڕاهێنانی (٣)

ئەو وشانەی کە هێڵیان بە ژێردا هاتووە، ئامرازی پرسیاریان لە جێدا دابنێ :

١- خورما لە پارێزگای بەسرەدا زۆرە .

٢- گەنم لە هاویندا پێدەگات .

٣- ئێوە بە پێنووس دەنووسن .

٤- کرێکار زوو لە خەو هەڵدەستێت .

٥- حەفتەیەك حەوت ڕۆژە .

واتای وشەکان

وشە	واتاکەی
خستنەڕوو	عرض
دەستنیشان کردن	تحديد
نێوان	بين
چۆنیەتی	كيفية
ناشتن ، چاندن	غرس ، زرع
دەسوورێتەوە	يدور
هێڵ	خط
پێدەگات	ينضج
هەڵدەستێت	ينهض ، يستيقظ ، يقوم
فەرمانگە	دائرة
لەدایكبوون	ولادة

وانەی شەشەم

دەمەکانی کردار (ازمنة الافعال)
کرداری ڕابوردوو

١- کامەران ئەسپەکەی فرۆشت .

٢- کامەران ئەسپەکەی فرۆشتووە .

٣- کامەران ئەسپەکەی فرۆشتبوو .

٤- کامەران ئەسپەکەی دەفرۆشت .

ڕاڤەکردن :

ئەگەر بەوردی سەیری ڕستەکانی لای سەرەوە بکەین دەبینین وشەکانی (فرۆشت ، فرۆشتووە ، فرۆشتبوو ، دەفرۆشێت) هەموویان وشەی بنچینەیین و لە پێش ئاخاوتندا ڕوویان داوە ، بۆیە پێیان دەوترێت کرداری ڕابوردوو .

جۆرەکانی کرداری ڕابوردوو :

١- کرداری ڕابوردووی نزیك (سادە) :

کرداری ڕابوردووی نزیك : بریتییە لە کردارێکی سادە ڕووداوێك لە کاتی نزیکدا پیشان دەدات کە لە پێش ئاخاوتنی قسەکەر ڕوویداوە کاریگەرییەکەی نەماوە و هیچ پێشگرو پاشگریشی وەرنەگرتووە وەك :

چاوگ	-	ن	=	ڕابوردووی نزیك
چوون	-	ن	=	چوو
بردن	-	ن	=	برد

٢-کرداری ڕابوردووی تەواو :

کردارێکە پێش قسەکەر ڕوویداوە ، بەڵام کاریگەرییەکەی تا کاتێکی ئاخاوتن بەردەوامەو نە زۆر دوورو نەزۆر نزیك :

ڕابوردووی نزیك + پاشگری (ووە / وە) = ڕابوردووی تەواو

فرۆشت	+	ووە	=	فرۆشتووە
ڕۆشت	+	ووە	=	ڕۆشتووە
برژا	+	وە	=	برژاوە
خورا	+	وە	=	خوراوە

٣-کرداری دوور :

ئەو کردارەیە کە ڕوودانی کاتێك لە ڕابوردووی دووردا نیشان دەدات.

ڕابوردووی نزیك + بوو= ڕابوردووی دوور

کەوت	+	بوو	=	کەوتبوو
خەوت	+	بوو	=	خەوتبوو
شکا	+	بوو	=	شکابوو

٤-کرداری ڕابوردووی بەردەوام :

ئەو کردارەیە کە ڕوودانو بەردەوامی کاتێك لە کاتی رابوردوودا نیشان دەدات :

ده (نه)	+	ڕابوردووی نزیك	=	ڕابوردووی بەردەوام
ده	+	چوو	=	دەچوو
ده	+	فرۆشت	=	دەفرۆشت
ده	+	کەوت	=	دەکەوت

دەستوور

١- کرداری ڕابوردوو: کردارێکە دراوەتە پاڵ کەسێك یان شتێك کە لە کاتی ڕابوردوودا کارەکە بەسەرچووەو ڕوویداوە .

٢-کرداری ڕابوردوو چوار جۆرە :

١- نزیك (سادە)

٢- تەواو

٣- دوور

٤- بەردەوام

ڕاهێنانی (١)

ڕستە بۆ ئەمانەی لای خوارەوە پێکبهێنە :

١ـ ڕابوردووی نزیك .

٢ـ ڕابوردووی تەواو .

٣ـ ڕابوردووی بەردەوام .

٤ـ ڕابوردووی دوور .

ڕاهێنانی (٢)

لەم ڕستانەی لای خوارەوەدا کرداری ڕابوردوو دیاری بکەو جۆرەکانیشی بنووسە :

١ـ منداڵەکە سێوەکەی خوارد .

٢ـ بەڕێز لە چێشتخانەکەدا کەبابی دەخوارد .

٣ـ ئاسنگەرەکە پەنجەرەکەی چاك کردووە .

٤ـ کە من چووم ئەو نووستبوو .

٥ـ من شاری کەربەلام بینیوە .

ڕاهێنانی (٣)

أ ـ سووتا

ب ـ سووتاوە ، سووتابوو ، دەسووتا

تۆش ئەم کردارانەی لای خوارەوە وەك نموونەی (ب) لێ بکە :

مرد ، برژا ، دڕی ، فڕی

ڕاهێنانی (٤)

أ ـ هێنا ، هێناوە ، هێنابوو ، دەهێنا .

ب ـ نەهێنا ، نەهێناوە ، نەهێنابوو ، نەدەهێنا

تۆش ئەم کردارە ڕابوردووانە وەك نموونەی (ب) لیٚ بکە :

مرد ، هەڵهات ، فڕی ، خلیسکا

ڕاهێنانی (٥)

لەم کردارە ڕابوردووانەی لای خوارەوە ڕستە دروستبکە :

چاند ، سەرکەوتووە ، داگیرسابوو ، سڕیبوو ، نارد

وانەی حەوتەم

کرداری ڕانەبوردوو

١- کتێبەکانم ئامادە دەکەم .

٢- وا کتێبەکانم ئامادە دەکەم .

٣- ئێستا کتێبەکانم ئامادە دەکەم .

٤- بەیانی کتێبەکانم ئامادە دەکەم .

ڕاڤەکردن :

ئەگەر بە وردی سەیری ڕستەکانی لای سەرەوە بکەین ، دەبینین هەریەکە لە کردارەکان ئەنجامی کارێك لە کاتی ئاخاوتندا یان لە پاش ئاخاوتند نیشان دەدات (واتە ئێستا یان لەداهاتوودا ڕوودەدات) .

لە ڕستەی ژمارە یەکدا کرداری ئامادەدەکەم وشەیەکی بنچینەییە لە ڕستەکەدا ، کردارێك نیشان دەدات کە لە کاتی ئاخاوتندا یان لە دوای ئاخاوتندا ڕوودەدات ، لەبەر ئەوە پێی دەوترێت کرداری ڕانەبوردوو . بەڵام لە ڕستەی ژمارە دوویشدا کرداری (ئامادە دەکەم) کاتێك نیشان دەدات کە لە کاتی قسەکردنا ڕوودەدات بە بەکارهێنانی ئاوەڵکرداری کاتی (وا ، ئێستا) کاتی ڕانەبوردووی کردارەکە دەستنیشانو ئاشکرا دەکات .

لە زمانی کوردیدا بۆ سازکردنی کرداری ڕانەبوردوو پەنادەبرێتە بە (ڕەگی ڕانەبووردوو)و مۆرفۆمی ئەرێیی ڕانەبوردوویش دەکەوێتە پێش ڕەگەکەو جێناوی لکاویش بە کردارەکەوە دەنووسێت ، بەم شێوەیەی لای خوارەوە :

مۆرفۆمی ئەرێ (دە) + ڕەگی ڕانەبوردوو+ جێناوی لکاو

خواردن	⟵	دە	+	خۆ	+	م	=	دەخۆم
شوشتن	⟵	دە	+	شو	+	ات	=	دەشوات
شکان	⟵	دە	+	شکێ	+	م	=	دەشکێم

لە ڕستەی چوارەمدا کرداری (ئامادە دەکەم) کردارێك نیشان دەدات ، کە لە پاش ئاخاوتنندا ڕوودەدات بە بەکارهێنانی ئاوەڵکرداری کاتی (بەیانی) کاتی داهاتووی کردارەکە ئاشکرا دەکاتو دەخاتەڕوو لەبەر ئەوە پێی دەوترێت کرداری ڕانەبوردوو .

دەستوور :

١- کرداری ڕانەبوردوو : کارێکە کە لە دوای ئاخاوتنندا ڕوودەدات ، واتا لە کاتی ئێستا یان داهاتوودا ئەنجام دەدرێت .

تێبینی :

بۆ نەرێ کردنی کرداری ڕانەبوردوو ، مۆرفۆمی (نا) دەچێتە شوێنی (دە)و دەیکا بە نەرێ وەك:

دەچم ⟵ ناچم

بەیانی ⟵ دەچم بۆ بازار

بەیانی ⟵ ناچم بۆ بازار

ڕاهێنانی (١)

کرداری ڕانەبوردوو لەم ڕستانەی لای خوارەوە دەربهێنە :

١- دەچم بۆ بەسرە .

٢- ڕەوەند بە کەوچك نان دەخوات .

٣- لە پشووی هاویندا لە مەلەوانگە مەلەدەکەم .

٤- لە زستاندا باران زۆر دەبارێت .

٥- لە کتێبخانەدا کتێب دەکڕم .

ڕاهێنانی (٢)

ئەم کردارە ڕانەبوردووانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە :

دەتاشێت ، دادەگرسێنم ، دەنووسمەوە ،
دەگەڕێتەوە ، دروستدەکەن

ڕاهێنانی (٣)

ئەمانەی لای خوارەوە لەگەڵ کرداری ڕانەبوردوودا لە ڕستەدا بەکاربهێنە :

(دارتاش ، گەشتیارەکان ، بازاڕ ، ئێستا ، وا)

واتای وشەکان

وشە	واتاکەی
ڕانەبوردوو	مضارع
ئامادەکردن	تحضير ، اعداد
ڕەگ	جذر
شوشتن	غسلْ
شکاندن	كسرْ
بەیانی	غداً
داهاتوو	المستقبل
کەوچك	ملعقة
مەلەوانگە	مسبح
مەلەدەکەم	أسبحْ
دادەگرسێنم	أوقد
دەگەڕێتەوە	يعود
بازاڕ	سوق

وانەی هەشتەم

کرداری داخوازی (فەرمان)

١- دەموچاوت باش بشۆرە .

٢- یارمەتی هەژار بدە .

٣- قوتابیان گوێ بگرن .

٤- شیرین دەرگاکە دابخە .

ڕاڤەکردن :

أ ـ لە ڕستەی یەکەمدا وشەی (بشۆرە) کردارێکە لە پاش فەرمانی شۆردنی دەموچاوی پێدەکرێت .

ب ـ لە ڕستەی دووەمدا وشەی (بدە) کردارێکە لە پاش ئاخاوتن فەرمانی یارمەتیدانی هەژاری پێدەکرێت .

جـ ـ لە ڕستەی سێیەمدا وشەی (گوێ بگرن) کردارێکە لە پاش ئاخاوتن فەرمانی گوێگرتنی پێدەکرێت .

حـ ـ لە ڕستەی چوارەمدا وشەی (دابخە) کردارێکە لە پاش ئاخاوتن فەرمانی داخستنی پێدەکرێت .

دەستوور :

کرداری داخوازی : کردارێکە کە بگۆ (قسەکەر) داوا لە گوێگر (بژنەو) دەکات پاش ئاخاوتن کارێك ئەنجام بدات تاك بن یان کۆ .

ڕاهێنانی (١)

کرداره داخوازییەکانی ئەم ڕستانەی لای خوارەوە دیاری بکە :

١ـ ئەحمەد باش بخوێنە .

٢ـ چرای پۆلەکان بکوژێنەوە .

٣ـ ئاوی گوڵەکان بدە .

٤ـ تکایە پەنجەرەکە دابخە .

٥ـ پاش پشوودان وانەکانت بنووسە .

ڕاهێنانی (٢)

ئەم بۆشاییانەی لای خوارەوە بەکرداری داخوازی پڕبکەرەوە :

١ـ تۆ یارمەتیی باوکت ....

٢ـ کتێبەکانت لە جێگای خۆیاندا ....

٣ـ لای سەرتاشخانە باش ....

٤ـ لە جێگای خۆت ....

٥ـ گۆڤارەکە بە ووردی ....

ڕاهێنانی (٣)

ئەم کردارە ڕابوردووانەی لای خوارەوە بکە بە کرداری ڕانەبوردوو پاشان داخوازی :

ڕاوەستا ، خوارد ، کێڵا ، کڕی ، فرۆشت

ڕاهێنانی (٤)

أ ــ بنووسە

ب ــ مەنووسە

تۆش ئەم کردارە داخوازییانە وەك نموونەی (ب) بکە بەکرداری نەرێ :

بکرە ، بڕۆ ، بگرە ، بڵێ ، ڕابکە

وانەی نـۆیـەم

(ئـاوەڵکردار)

ئاوەڵکرداری کاتیو ئاوەڵکرداری شوێنی

(أ)

١- ئێستا بۆ زانکۆ دەچم .

٢- ئەمڕۆ گەلی عیراق بە ئازادی دەژی .

٣- دوێنێ باران باری .

٤- مانگێکی تر باوکم لە خانەقین دەگەڕێتەوە .

(ب)

١- شیلان لە ژێر دارەکەدا خەوتووە .

٢- لای پیاوی درۆزن دامەنیشە .

٣- لە بەردەم باوکت قسە مەکە .

٤- ماسییەکەمان لە ناو گۆمەکەدا گرت .

ڕاڤەکردن :

١- ئەگەر بە وردی سەرنجی ڕستەکانی لقی (أ) بدەین ، ئاوڵکرداری (ئێستا، ئەمڕۆ ، دوێنێ ، مانگێکیتر) هەر یەکەیان ڕوودانی کرداری ڕستەکانیان دەستنیشان دەکەنو سنوورێك بۆ وتاری فرمانەکان دادەنێنو دەبنە

تەواوکەری کردارەکان ، جا بەو بەشەی کە کاتی ڕوودانی کردارەکانی ڕستە دەردەخاتو واتاکەیشی تەواودەکات دەگوترێت ئاوەڵکرداری کاتی .

٢- لە ڕستەکانی لقی (ب)دا ، ئاوەڵکرداری (لە ژێر ، لا ، بەردەم ، لە ناو) هەر یەکەیان لە جێگەی خۆیاندا ڕوودانی کرداری ڕستەکانیان دە ستنیشان دەکەنو سنوورێك بۆ واتای کردارەکانیش دادەنێنو لەم ڕووەوە دەبنە تەواوکەری کردارەکان. جا بەو بەشەی شوێنی ڕوودانی کرداری ڕستەکە دەردەخاتو واتاکەیشی تەواودەکات دەگوترێت (ئاوەڵکرداری شوێنی) .

(دەستوور)

١- ئاوەڵکرداری کاتی: بەو ئاوەڵکردارانە دەگوترێت کە کاتی ڕوودانی کرداری ڕستەکە دەستنیشان دەکاتو واتاکەیشی تەواودەکات .

ئەمانەی لای خوارەوەیش چەند ئاوەڵکردارێکی کاتین :

(ئێستا ، ئەمڕۆ ، دوێنێ ، حەفتەیەکی تر ، مانگێکی تر ، بەیانی ، ئێوارە ، نیوەڕۆ ، ئەمساڵ ، لەمەولا ، لەمەوپێش....هتد) .

٢- ئاوەڵکرداری شوێنی : بەو ئاوەڵکردارانە دەگوترێت کە شوێنی ڕوودانی کرداری ڕستەکە دەستنیشان دەکاتو واتاکەیشی تەواو دەکات .

ئەمانەی لای خوارەوەش چەند ئاوە ڵکردارێکی شوێنین .

(لەژێر ، لەسەر ، لەخوار ، بەردەم ، لا ، تەنیشت ، چەپ ، ڕاست ، ژێر ، پشت ،.....هتد)

ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانەی لای خوارەودا ئاوەڵکرداری کاتیو شوێنی دیاری بکە :

١- پارەکەم لە ماڵدا لە بیرچوو .

٢- پێرار لە پۆلی سێیەمی ناوەندیدا بووم .

٣- پشیلەکە لەژێر مێزەکەدا نووستووە .

٤- ئەمساڵ لەپار گەرم ترە .

٥- ئازاد لە تەنیشت ڕووناکدا دانیشتووە .

٦- بەیانی زوو لەخەو هەڵدەستم .

٧- چۆلەکەکە لەسەر دارەکەدا هێلانەی کردووە .

٨- ئەرکەکانم زوو ئەنجام دەدەم .

٩- منداڵەکان لەبان مافورەکەدا یاری ناکەن .

ڕاهێنانی (٢)

هاودژی ئەم ئاوەڵکردانەی لای خوارەوە بنووسە :

(ژێر ، ناو ، شەو ، چەپ ، بەردەم ، پاش ، ڕۆژهەڵات)

ڕاهێنانی (٣)

ئەم بۆشاییانەی لای خوارەوە بە ئاوەڵکردارێك پڕبكەرەوە :

كـاوە پێنـووسەكەی.............جانتاكەی دەرهێنا پاشان پـەڕاوەكەی خسـتـە ....مێزەكەی خۆیو دەستی كرد بەنووسینی چیرۆكێكی خۆشو لـە هـەمـانكاتدا هیوای هاوڕێیی لە ....ی دانیشت ، كاوە تەماشای سەعاتەكەی كرد ، كاتژمێر لەو كاتەدا دوازدەی.........بوو، پاشان هەردووكیان بـەرەو .... مامۆستا كەوتنەڕێ ، مامۆستایش بەم ئیشە زۆر پێ‌خۆشحاڵ بوو .

واتای وشەکان

وشە	واتاکەی
ئاوەڵکردار	الظرف
کات	وقت
شوێن	مکان
ئێستا	الآن
ئەمڕۆ	هذا اليوم
دوێنێ	أمس
دەگەڕێتەوە	يرجع
خەوتووە ، نووستووە	نام
بەردەم	امام
درۆزن	كذاب
گۆم	بركة
سەرنج	ملاحظة
ڕوودان	حدوث
دەستنیشان	تحديد
سنوور	حد ، حدود
واتا	معنىٰ
دانان	وضع ، تأليف
تەواوکەر	مكمّل ، متمّم
بەکورتی	باختصار

گفتوگۆ ((محادثة))

وانەی یەکەم : کات

وانەی دووەم : یەکترناسین

وانەی سێیەم : لەبازاڕدا

وانەی چوارەم : شۆفێرو مۆڵەتی لێخوڕین

وانەی پێنجەم : چەند ڕستەیەکی جۆراوجۆر

وانەی یەکەم

کات

سامان : ڕۆژ باش کاک کاروان .

کاروان : ژیانت باش هاوڕێی خۆشەویستم .

سامان : ئێستا چ کاتێکە ؟

کاروان : ئێستا کاتی بەیانییە (سەر لە بەیانییە) .

سامان : هەرکاتێك بانگی نیوەڕۆ دەستی پێکرد...ئاگادارم بکەرەوە .

کاروان : بۆ ؟

سامان : لەبەر ئەوەی دەچم بۆ مزگەوت تا نوێژ بکەم .

کاروان : ئایا دەتوانم چەند پرسیارێکت لێ بکەم ؟

سامان : بەڵێ ، فەرموو .

کاروان : ڕۆژ چەند کاتژمێرە (سەعاتە) ؟

سامان : ڕۆژ بیستو چوار کاتژمێرە .

کاروان : ئەی باشە حەفتە چەند ڕۆژە ؟

سامان : حەفتە حەوت ڕۆژە .

کاروان : کامانەن (چیو چین) ؟

سامان : شەممە ، یەکشەممە ، دووشەممە ، سێشەممە ، چوارشەممە ،
پێنجشەممە ، هەینی (جومعە) .

کاروان : مانگ‌ێ چەند ڕۆژە ؟

سامان : مانگ‌ێ سی یان سی‌و یەك ڕۆژە .

کاروان : سەدە چەند ساڵە ؟

سامان : سەدە سەد ساڵە .

کاروان : وەرزەکانی ساڵ چین ؟

سامان : بەهار ، هاوین ، پاییز ، زستان .

کاروان : مانگەکانی کوردی چین ؟

سامان : خاکەلێوە (نەورۆز) ، بانەمەڕ (گوڵان) ، جۆزەردان ، پووشپەڕ ، خەرمانان ، گەلاوێژ ، ڕەزبەر ، خەزەڵوەر ، سەرماوەز ، بەفرانبار ، ڕێبەندان ، ڕەشەمێ .

کاروان : زۆر سوپاس ، خوا ئاگادارت بێ .

سامان : خواحافیز برای خۆشەویستم .

واتای وشەکان

وشە	واتاکەی
کات	وقت
ئێستا	الان
چ ، چی؟	اي ؟
بەیانی	صباح
خوا ئاگادارت بێ	يحفظك الله
بۆ ، بۆچی ؟	لماذا؟
تا	حتىٰ
نوێژ	صلاة
بریتین لە	عبارة عن
سەدە	قرن
وەرزەکانی سالّ چین ؟	ما هي فصول السنة ؟

وانەی دووەم

یەکترناسین

– بەیانیت باش (ڕۆژباش) .

– ژیانت باش .

– ناوت چی‌یە ؟

– ناوم دلێرە .

– تەمەنت چەندە ؟

– تەمەنم حەڤدە ساڵە .

– ئیش‌وکارت چییە ؟

– قوتابیم (خوێندکارم)

– لە کام قوتابخانەدا قوتابیت ؟

– لە قوتابخانەی ئامادەیی سیروان قوتابیم ، پۆلی پێنجەمی زانستی .

– ئەی باشە ماڵتان لە کام لایە ؟

– ماڵمان لە پارێزگای بەغدایە ، گەڕەکی کیفاح .

– چەند برات هەیە ؟

– سێ برام هەیە .

– ئەی چەند خوشکت هەیە ؟
– تەنها یەك خوشکم هەیە .

– حەزو ئارەزووەکانت چین ؟
– حەزو ئارەزووەکانم بریتین لە خوێندنەوەی کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامە هەروەها وەرزش .

– ئەی برای ئازیزم تۆ ناوت چییە ؟
– ناوم نەبەزە ، هاوڕێی دلێرم .

– وا دیارە تۆیش قوتابیت ، وا نییە ؟
– بەڵێ ڕاستت فەرموو ، منیش لە قوتابخانەی ڕەشید قوتابیم ، پۆلی پێنجەمی وێژەیی .

– وانەی زمانی کوردی دەخوێنن ؟
– بەڵێ وانەی زمانی کوردی دەخوێنین .

– زۆر سوپاس . خواحافیز ، هەرسەرکەوتووبیت .

واتای وشەکان

وشە	واتاکەی
یەکترناسین	التعارف
تەمەن	عمر
ئیش‌وکار (پیشە)	عمل (مهنة)
ئامادەیی	اعدادية
زانستی	علمي
وێژەیی (ئەدەبی)	ادبي
ماڵتان لە کام لایە ؟	اين بيتكم ؟
گەڕەك	محلة ، حي
حەزوئارەزوو	هواية
گۆڤار	مجلة
ڕۆژنامە	جريدة
وا نییە ؟	اليس كذلك ؟
هیوادارم	اتمنىٰ
داهاتوو	مستقبل ، قادم
گرنگی	اهتمام
دڵسۆز	مخلص

وانەی سێیەم
لە بازاڕدا

– بەیانیت باش ، ئیمڕۆ چیت کڕیوە ؟

– ژیانت باش ، تا ئێستا هیچم نەکڕیوە ، من تازە گەیشتوومەتە ناو بازاڕ .

– ڕاست دەڵێیت ، بەڵام من هەندێ میوەو سەوزەم کڕیوە ، وەکو هەرمێو هەنجیرو کاهوو بیبەرو کوولەکەو تەڕەپیاز .

– بۆچی سێوو هەنارو هەڵووژەو زەردەلووت نەکڕیوە ؟

– پێویستم بە میوە نییە چونکە لە ماڵدا هەمانە .

– من دەمەوێ ترێو شووتی بکڕم .

– بێ گومان نرخی هەموو شتێك چووەتە سەرەوە ، بۆ نموونە سێو بە هەزارو حەوت سەدو پەنجا دینارە .

– ئای ئیمڕۆ گران بووە ، ئەی گۆشت یان مریشك یان ماسیت کڕیوە ؟

– بەڵێ گۆشتو مریشكو ماسیم کڕیوە .

زۆر چاکە کیلۆیەك گۆشتت بە چەند کڕیوە ؟

– یەك كیلۆ گۆشتی بێ ئێسكم بە شازدە هەزار دینار كڕیوە .
– شتی دیكەت كڕیوە ؟

– بەڵێ پەنیرو ماستو كەرەو هێلكەشم كڕیوە .
– **خواحافیز تا دیدارێكی تر.**

واتای وشەکان

وشە	واتاکەی
چی؟	ماذا؟ ، ما ؟
کڕین (سەندن)	شراء
فرۆشتن	بيع
هیچ	لاشيء ، صفر
بازار ، بازێڕ	السوق
میوە	فاكهة
سەوزە	خضرة ، خضروات
هەرمێ	كمثري
هەنجیر	تين
کاهوو	خس
کوولەکە	قرع (شجر)
بیبەر	فلفل
تەرەپیاز	بصل اخضر
سێو	تفاح
هەنار	رمان
زەردەلوو ، قەیسی	مشمش
هەڵووژە	انجاص
پێویست	حاجة ، ضرورة

بێ گومان	بدون شك
نرخ	سعر
گران	باهض ، غالي
گۆشت	لحم
مریشك ، مامر	دجاج
ماسی	سمك
چەند ؟	كم ؟
ئێسك ، ئێسقان	عظم
پەنیر	جبن
كەرە	زبد
هێلكە	بيض

وانەی چوارەم
شۆفێرو مۆڵەتی لێخوڕین

پۆلیس : تكایە كاكی شۆفێر مۆڵەتی لێخوڕینت پێیە ؟

شۆفێر : بەڵێ پۆلیسی بەڕێزم .

پۆلیس : دەتوانیت پیشانمی بدەیت ؟ خۆماوەی بەسەردا تێپەڕنەبووە ؟

شۆفێر : فەرموو ، ئەوە مۆڵەتەكەمەو ماوەشی بەسەردا تێپەڕنەبووە(نەچووە).

پۆلیس : بەڵێ مۆڵەتەكەت یاساییە زۆر سوپاس چونكە ئەگەر ماوەی بەسەردا چووبێت .. ئەوا دەتخاتە ژێر باری یاساوە .

شۆفێر : نەخێر ،من هەمیشە ڕێزی یاسا دەگرمو هەرگیز سەرپێچی ناكەم.

پۆلیس : برای بەڕێزم دڵگران مەبە چونكە مۆڵەتی لێخوڕین بۆ سەلامەتیی خۆتو هاوڵاتیان زۆر گرنگە .

شۆفێر : لە كاتی تاقیكردنەوەی لێخوڕین دا شۆفێر شارەزایی ڕێنماییەكانی هاتووچۆ پەیدادەكات .

پۆلیس : دەستخۆش كاكی شۆفێر تۆ شایانی ئۆتۆمبیل لێخوڕینیت .

شۆفێر : ڕێزت هەیە گەورەم .

پۆلیس : زۆر سوپاس بۆ هاوكارییەكەت .

شۆفێر : شایانی نییە .

واتای وشەکان

وشە	واتاکەی
شۆفێر	سائق السيارة
مۆڵەت	إجازة
مۆڵەتی لێخوڕین	إجازة السوق
دڵگران	قلق
هاوڵاتیان	مواطنين
گرنگ	مهم
تاقیکردنەوە	اختبار ، امتحان
هاتووچۆ	مرور

وانەی پێنجەم
چەند ڕستەیەکی جۆراوجۆر

- دوێنێ شەو ساردترین شەوی ساڵ بوو .
- هاوین گەرمترین وەرزی ساڵە .
- شاسوار چاکترین خوێندکاری زانکۆی بەغدایە .
- براکەی تۆ باشترین هاوڕێی کوڕەکەی منە .
- ماسی بەتامترین خۆراکە .
- تۆ پێری سێ کیلۆ گۆشتت کڕی .
- ئاسۆ ئەم بەیانییە لە کاتژمێری نۆ لە کوێ بوویت ؟
- ئەوان لە کاتژمێری یازدەو نیو بۆ ماڵی ئێمە هاتن .
- کامەران شەوانە لە کاتژمێری دوازدە کەم چارەك دەنوێت .
- کەی بۆ ئێرە هاتیت ؟
- لە کاتی منداڵییەوە هەردووکمان هاوپۆل بووین .
- مامۆستای زمانی کوردی هەموو ڕۆژ بۆ قوتابخانە دێت .

- له كاتی نان خواردندا پەله مەكە ؟
- چ پرسیارێكت كرد ؟
- چۆن زانیت ئەو تەمەڵە ؟
- ئەمە هیچ پێویستییەكی بە تۆوە نی یە .
- من ڕێگەی ئۆتێلەكەم لیَ گوم بووە .
- بە قسەی ناحەزان نەكەیت ، هۆشیار بە ؟
- من له دەستی ئەو زۆر ڕازیم .
- پیاوێكی زۆر چاكە بەڵام له ئیش‌كردندا زۆر چالاك نی یە .
- ئەو یەك كاتژمێر پێش تۆ ئامادەبوو .
- ببوورە ، ئیش‌وكارم یەكجار زۆرە ، جا لەبەر ئەوە ناتوانم بێم بۆ ماڵتان .
- تا كەی له شاری خانەقین دەمێنیتەوە ؟
- هەر كاتێك ئەو ببینم هەمیشە هەر خوتوبۆڵە دەكات .
- ماوەیەكی درێژە تۆم نەدییوە .

- باشترین کار لای تۆ چی‌یه که حه‌زی لێ ده‌که‌یت ؟
- ئه‌و ئافره‌ته جوانانه به‌ره‌و کوێ ده‌چن ؟
- وڵاتی ئێمه به نه‌وت و خورماو هه‌نارو به‌ڕوو به‌ناوبانگه .
- من له ساڵی (١٩٨٠ ز)دا له شاری ناسرییه له‌دایك بووم .
- برا گه‌وره‌كه‌م پێش پێنج ساڵ کۆچی دوایی کردووه .
- ئه‌و خۆی وتی من به‌یانی بۆ زانکۆ ناڕۆم .
- تکایه ماڵی ئێوه له کام لایه ؟

واتای وشەکان

وشە	واتاکەی
جوارو‌جۆر	متنوع
ساردترین	ابرد
چاکترین ، باشترین	احسن ، افضل
تام ، چێژ	طَعمْ ، لذة
پێرێ	امس الاول
شەوانە	ليلاً، مساءً
دەنوێت ، دەخەوێت	ينام
ئێرە	هنا
پەلە ، خێرا	سرعة
تەمەڵ ، تەمبەڵ	كسلان
پەیوەستی	رابطة
پێویستی	حاجة
گومبوون ، ونبوون	ضياع
هۆشیار	واعي ، مطلع
چالاك	نشيط
ئامادەبوون	حضور
یەکجار	تماماً
ماوەیەکی درێژ	مدة طويلة

بەشی وێژە

وانەی یەکەم : فایەق بێکەس

وانەی دووەم : قانیع

وانەی سێیەم : پیرەمێرد

وانەی یەکەم

فایق بێکەس

ڕۆژو ئـەرزو مـانگ وا لـە گـەڕایـە
تـۆش تـێبکـۆشـە تـا هیـزت تیایە
ئینسانی ئیشکەر حەبیبی خوایە
بەکـەم ڕازی بیت زۆر لـە ڕێدایە
سـەری بێ ڕۆژی لە ژێر خـاکـایـە

✹ ✹ ✹ ✹ ✹ ✹

مێروولـە دەعبـای بچووکو وردە
سەیری کە چەند بەدەستو بردە
دایـم خـەریـکـە بـە کـۆشـو کـردە
پیـاوی بێکـارە وەك مردوو وایـە
سـەری بێ ڕۆژی لە ژێر خـاکـایـە

✹ ✹ ✹ ✹ ✹ ✹

به پێی فەرموودەی ئـایەتی قورئان

لـه سـەعـی زیـاتر نییە بۆ ئینسان

هـەوڵو تـێـکـۆشـیـن فـەرزە بۆ ژیان

نـابێ مـەیـئـوس بـی تۆ لەم دنیایە

سـەری بـێ ڕۆزی لـه ژێـر خـاکـایـه

✹ ✹ ✹ ✹ ✹ ✹

مـەڵێ فـەقـیـرم کـوفری نـیـعمەتە

لـەشی ساغ بۆ تۆ مولـكو سـەروەتـە

پـیـاوی تـەوەزەل لاتو نـەگـبـەتـە

قـۆڵـی لـێ هـەڵـکـە بـچـۆرەکـایـە

سـەری بـێ ڕۆزی لـه ژێـر خـاکـایـه

کورتە باسێك دەربارەی شاعیری پایەبەرز
فایق بێکەس

بێ کەس شاعیرێکی پایەبەرزو کوردپەروەر بووەو شیعرەکانی بۆ خزمەتکردنی گەلو نیشتمانەکەی تەرخان کردووە ، ناوی فایقەو کوڕی عەبدوڵلا بەگی کوڕی کاکە حەمەی کوڕی ئەلیاسە قۆجەیە ، بنەماڵەکەیان لە قەڵا چۆلانەو هاتوونەتە سلێمانی ، لە ساڵی (١٩٠٥ز)ی زایینی لە گوندی سیتەك کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی یەوە لە دایك بووە .

مامۆستا فایق سەرەتا لە قوتابخانەی ئایینی خوێندویەتی‌و لە پۆلی سێیەمدا وەرئەگیرێ‌و تا ساڵی ١٩٢٣ ز بەردەوام ئەبێ لە خوێندن . هەروەها لە ساڵی ١٩٢٤ ــ ١٩٢٥ لە (دار العلوم) لە شاری بەغدا بەسەرئەبا .

لەساڵی ١٩٣٣ ز دا میری بە مامۆستا دایدەمەزرێنێ‌و دەینێرێتە مۆرتەکەی بازیان پاشان دەینێرێتە تەوێڵە . لە هاوینی ساڵی (١٩٣٥ ز)یشدا لەگەڵ کۆمەڵە مامۆستایەك کە یەکێکیان مامۆستا گۆرانی شاعیری بەناوبانگ بووە ، بەشداریی لە خولێکدا کردووە کە لە شاری بەغدا بۆ مامۆستایان ئامادەکرابوو . گەلێك شیعری جوانی هەیە ، بە هۆی نیشتمانپەروەرییەوە چەندین جار گیراوە ، دژی ئینگلیزی داگیرکەریش شیعری وتووەو لە ١٩٤٨/١٢/١٨ زایین دا بۆ یەکجاری سەردەنێتەوە .

فایق بێکەس

واتای وشەکان

وشە	واتاکەی
گەڕان	دوران ، حركة
تێکۆشان	سعي
هێز	قوة
ئیشکەر	صاحب عمل ، ذو عمل
ڕێ	طريق
ڕۆزی	رزق
خاك	تراب
مێرووله	نملة
دەعبا	دابة
ورد	ناعم
بێکار	بدون عمل ، عاطل عن العمل
بەپێی	حسب
هەوڵدان	محاولة
لەش ساغ	سليم ، سليم الصحة
تەوەزەل ، بێخێرەت	خامل ، كسلان
نەگبەت	يائس ، سيء الحظ ، تعس
قۆڵ ، باڵ	ذراع
کایە	وجود

وانەی دووەم

قانیع

١٩٠٠ز- ١٩٦٥ز

ئـەمـانەی لای خوارەوە چەند هۆنراوەیەکی هۆزانڤان مامۆستا (قـانـیع)ن کە دەربـاری کـارکـردنو ڕیـشـەکـەنـی تـەمبـەڵیو پیاوەتی کردنو خەریك بوونی فێربوونو زانست دەڵێ :

چەنـد خـۆشـە کـوڕم ئـارەق بـڕێـژین
لـە دەشـتو دەرا غـیـرەت بـنـوێـنـین

چاکـیو پـیاوەتی بـەرمـەدە لە دەس
بـــۆ هـاشەو هوشـە گوێ مەدە بەکەس

وەنیە تۆ کەو بیو ئەم دنیا قەفەس
بـڕۆ هـەر لایـە کـە ئـارەزووت هـەس

نـیـوەی بـەرهـەمت هـەر بـۆ بێ نەوا
خـۆت رسـوا مـەکـە بـۆ کـراسو کـەوا

هـێـنـدە بـخـوێـنـە کـە خوێندەوار بی
لـە نـاو کـۆمـەڵـدا زرنگو وشـیـار بی

گۆشەیەك لە ژیانی مامۆستا قانیع

١٩٠٠ز – ١٩٦٥ز

ئەم شاعیرە گەورەیە ، ناوی (محمد شێخ عبد القادر)ە ، لە ساڵی ١٩٠٠ز دا لە دێی (ریشێن)ی شارەزوور لە دایكبووە ، لە تەمەنی منداڵیدا باوكو دایكی مردوون ، بە هەتیوی لای (سەید حسینی چۆڕی) گەورە بووە ، هەر ئەویش ناوێتیە بەر خوێندن ، پاشان بە فەقێیەتی چووە بۆ سلێمانیو چەند ساڵێك لەوێ ماوەتەوە ، هەر لەوێ خوێندنی مەلایەتی لە لای مامۆستا شێخ عومەری قەرەداغی تەواوكردووە ، ماوەیەك ئاشەوانیو مەلایەتیو مامۆستایی كردووە ، زۆر بە هەژاریی ژیاوە ، لە ساڵی (١٩٦٥)ز دا لە گوندی (لەنگەدێ)ی شلێری ناوچەی پێنجوێن كۆچی دوایی دەكات .

قانیع لە ئەدەبو زمانی كوردیو فارسیو عەرەبیدا دەستێكی باڵای هەبووە، بەهەر سێ زمانەكە شیعری گوتووە ، زۆر حەزی لە مێژووی گەلو نیشتمانەكەی خۆی بووە ،قانیع عاشقی دیمەنو سروشتی جوانی كوردستان بوو، بۆیە زۆرینەی شیعرەكانی لە باسی جوانی كوردستانو خۆشەویستی نیشتمانو ئامۆژگاری خەڵك بۆ تێكۆشانو خەبات لە پێناوی رزگاری كوردو كوردستاندا بووە .

شیعرەكانی قانیع زۆرینەیان نیشتمانیو نەتەوایەتینو شیعری دڵدارییو كۆمەڵایەتیشی زۆرن .

وێنەیەکی شاعیری مەزن مامۆستا قانیع

واتای وشەکان

وشە	واتاکەی
پارچە	قطعة
هەڵبەست	بيت شعر
ڕیشەکەن	اجتثاث
تەمەڵی	كسل
پیاوەتی	مروءة
فێربوون	تعلّم
زانست	علم
بڕێژین	نسكب
نواندن	اظهار
بەردان	افلات
بەرمەدە	لاتفلت
گوێ مەدە	لاتهتم
کەس	شخص
کەو	قبج
هەس ، هەیە	يوجد
بەرهەم	إنتاج
بێ نەوا	محتاج ، مشرد
کراس (جلوبەرگ)	ملابس ، قميص
کەوا	قباء
خوێندەوار	متعلم
کۆمەڵ	مجتمع
زرنگ	ذكي
وشیار، هۆشیار ، وریا	واعي

وانەی سێیەم

پیرەمێرد

نەورۆز

ئــەم ڕۆژی ســاڵــی تــازەیــە نــەورۆزە هــاتــەوە
جــەژنــێکی کۆنــی کوردە بــەخۆشیو بــەهــاتــەوە

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نێو بەهار

نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عشق ئەچوون بەرەوپیری مەرگەوە

تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سینگی کچان بێ لە هەڵمەتا

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەنو گرین
نامرن ئەوان وا لە دڵی میللەتا ئەژین

گۆشەیەك لە ژیانی مامۆستا پیرەمێرد :

پیرەمێردی شاعیر ، خاوەنی بیروباوەڕێکی پێشکەوتووی ڕووناكبیر بووە ، باوەڕی تەواویشی بە زانست خوێندەواری هەبووە ، ناوی حاجی تۆفیقی کوڕی مەحموود ئاغای مەسرەفە ، لە ساڵی ١٨٦٧ ز لە شاری سلێمانی لەدایك بووە .

پیرەمێردی هۆزانڤان ، لە ساڵی ١٨٩٩ ز دەکرێتە ئەندامی ئەنجوومەنی باڵا لە ئەستەنبووڵ هەر لەوکاتەدا دەچێتە (مەکتەبی حقوق)و بڕوانامەی (حقوق) وەردەگرێت . بووە بە قایمقامی (جۆلە مێرگێ)و لە ساڵی ١٩١٨ز بوو بە پارێزگاری (ئەمسایە) لە تورکیا .

لە ساڵی (١٩٣٧ز)یش چاپخانەیەكو ڕۆژنامەیەکی دامەزراند بەناوی (ژین)ەوە ، لە نۆزدەی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٠ز کۆچی دوایی کردووە .

بە بۆنەی ساڵیادی کۆچکردنیو تێپەڕبوونی (٢٠) ساڵ بەسەر مردنی دا شاعیری گەورەی عیراقو عەرەب (محمد مهدي الجواهري) لەگەڵ دەیەها نووسەری بەناوبانگی عیراق لە کوردو عەرەبو برانەتەوەکانی تر لە شاری سلێمانی بە وتار خوێندنەوەو هۆنراوە یادی ئەو بۆنە پیرۆزەیان کردۆتەوە.

وێنەیەکی شاعیری مەزن مامۆستا پیرەمێرد

واتای وشەکان

وشە	واتاکەی
کۆن	قديم
هیوا	أمل
پەست	حزين ، منخفض
ئاڵ	احمر فاتح
جەرگ	كبد
بەرەوپیری	استقبال
مەرگ	الموت
قەڵغان	درع
گولله	طلقة
سینگ	صدر
هەڵمەت	هجوم ، حملة
پەستبوون	تألم ، تأثر
پەستکردن	ازعاج

بەشی خوێندنەوە

وانەی یەکەم : ئەرکی سـەرشـانی ئێوە بـەرامبەر باوك و دایكتان چی یە ؟

وانەی دووەم : شاری سـلیمانی (شاری هەڵمـەتو قوربـانی)

وانەی سێیەم : زانای گەورەی کورد تۆفیق وەهبی

وانەی چوارەم : مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

وانەی یەکەم

ئەرکی سەرشانی ئێوە بەرامبەر باوك و دایکتان چی یە ؟

ئەی ڕۆڵە ئازیزەکان ئەوە بزانن کە باوك و دایکتان هۆی هەبوونی ئێوەیە لە ژیاندا ، جا لەبەر ئەوە دەبێت لە گەڵیاندا خۆش ڕەفتارو بەئەمەك بن و مەرجو ئەرکەکانی فەرزەندایەتی جێبەجێبکەنو چاوتان لێیان بێت ، چونکە مافێکی زۆریان بەسەرتانەوە هەیە ، بەڵام ئەگەر لەگەڵیاندا ڕەفتارو کردەوەتان باش نەبێت شایانی ئەوە نابن بە ئادەمیزاد ناوتان بنێنو لە دەستەی لاوچاکانو بەخشندەکان دەردەچنو نائومێد دەبن .

* * * * *

ئازیزەکان لەگەڵ دایکو باوکتاندا قسەتان خۆش بێت ، لێیان تووڕە مەبنو گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانیان بن تاوەکو کاتێك ببن بە خاوەن خێزان ڕۆڵەکانتان لەگەڵتان باش بن . ئەو کەسانەی کە ڕێز لە باوکو دایکیان دەگرن خوای مەزن ڕحمیان لێ دەکاتو ئاگاداریان دەبێتو ژیانیان ئاسوودە دەبێت . ئەوەش لە یاد نەکەن کە بەختیاریو خۆشی ژیانی ئێوە لەم دونیایەدا ئەوەیە کە باوکو دایکتان لێتان رازی بن .

دایکی دڵسۆزو ئازیزمان لە کاتی منداڵیدا هەموو شەوێك بێ وچان لە پێناوی پەروەردەکردنی ئێمەدا لە خەوی خۆشی خۆیاندا بێ بەش بوونەو چاویان لە ئێمە بووە تاوەکو گەورەمان بکەنو تەندروستیمان چاك ببێت . سۆزو میهرەبانی ئەوان بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێمە بتوانین بخوێنین و زانست و ئەدەبمان دەستگیرببێت و ببین بە خاوەن پلەوپایە . سوپاسێکی بێ پایان ئاراستەی ئەوان دەکەین بۆ گشت هەوڵەکانیان کە لە پێناوی ئێمەدا تەرخانیان کردووە .

ڕاهێنانی (١)

بەوردی بابەتەکە بخوێنە ، پاشان وەڵامی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بدەرەوە :

١ – کێ هۆی هەبوونی ئێوەیە لە ژیاندا ؟

٢ – ئەگەر ڕەفتارتان لەگەڵ باوك و دایکتاندا باش نەبێت لە دەستەی چی دەردەچن ؟

٣ – ئەگەر ڕەفتارتان لەگەڵ باوكو دایکتاندا باش بێت ڕوڵەکانتان لەگەڵتاندا چۆن دەبن ؟

٤ – بەختیاریو خۆشی ژیانی ئێوە لەم دونیایەدا چی یە ؟

ڕاهێنانی (٢)

ئەم بۆشایی یانەی لای خوارەوە بەم وشانە پڕبکەرەوە :

(تەرخانکردووە ، ماف ، هۆ ، سوپاست ، ئەوان)

١– باوك و دایکتان -------یکی زۆریان بە سەرتانەوە هەیە .

٢– سۆزو میهرەبانی -------بووەتە -------ی ئەوەی کە ئێمە دەتوانین بخوێنینو زانستو ئەدەبمان دەستگیرببێت .

٣– سوپاسێکی بێ پایان ئاڕاستەی -------- دەکەین بۆ گشت هەوڵەکانیان کە لە پێناوی ئێمەدا -------- .

ڕاهێنانی (٣)

هاوواتای ئەم وشانەی لای خوارەوە بنووسە :

١ - ڕەفتار

٢ - دایك

٣ - بێ گومان

٤ - ئاڕاستە

٥ - ڕۆڵەکانتان

٦ - بێ وچان

٧ - چنگ دەکەوێت

٨ - ئەدەب

٩ - لەپێناو

١٠ - کۆشش

ڕاهێنانی (٤)

مرۆڤ دەبێت لەگەڵ باوك و دایکیاندا چۆن رەفتار بکەن ، بۆ ئەم مەبەستە سێ دێڕ بنووسە :

١- --

٢- --

٣- --

واتای وشەکان

وشە	واتاکەی
ئەرك	واجب
بەرامبەر	امام ، ازاء
ڕۆڵەکان	اولاد
هەبوون	وجود
مەرج	شرط
ئادەمیزاد	انسان
دەستە	جماعة ، زمرة / باقة
بەختیاری	سعادة
رازی دەبێت	يرضىٰ
بێ گومان	بدون شك ، بلا ريب
هەرچەند	كلما
دەردەچن	تخرجون
لەپێناو	من أجل
مەزن	كبير ، عظيم
دەتوانین	نقدر ، نستطيع
دەستگیربوون	حصول ، نيل
ئاڕاستە	اتجاه
بێ پایان	بلا نهاية

وانەی دووەم

شاری سلێمانی ((شاری هەڵمەتو قوربانی))

شاری سلێمانی

سلێمانی شارێکی کوردستانی عیراقی فیدراڵی خۆشەویستمانە ، کەوتۆتە ناوچەی شارەزوورەوە کە دەکەوێتە بەشی سەرووی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەمانەوە. ئەم شارە خنجیلانە پاشای بابان.. لە ساڵی (١٧٨٤) ی زایینی دا بەردی بناغەی داناوەو لە مێژەوە مەڵبەندی فەرمان ڕەوایی نەتەوەی کورد بووە .

هەروەها شاری سلێمانی بە شاری ڕۆشنبیریش ناسراوە چونکە چەند لایەنێك هەیە کە لە ژیانی سلێمانی دا ناتوانرێت هەرگیز فەرامۆشی بکرێت ئەویش ژیانی ئەدەبیو ڕۆشنبیرییە کە باخچەیەکی گەورەی لەو بوارەدا پێشکەش بە

مێژووی ڕۆشنبیری کوردستان کردووه ،هەموو ئەو بەرفراوانییەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابانی یەکان سلێمانی سەرچاوەی وێژەو هونەرو مێژووش بووە ، سەرەڕای ئەوەش زنجیرەیێکی نەپچڕاوی لە پیاوچاکانو کەسایەتی یە لاو چاکە بەناوبانگەکانو تێکۆشەر لەم شارە دێرینەدا چاویان بە ژیان هەڵهێناوە وەك شێخ مارفی نۆدێیو کاك ئەحمەدی شێخو شێخ مەحموودی مەلیكو کۆمەڵێك لە شاعیرانی بەتواناو بلیمەت ، لەوانە : نالیو کوردیو سالمو بێخودو بێکەسو پیرەمێردو گۆرانو زێوەرو تۆفیق وەهبیو وەلی دیوانە دەیەها بەڵکو سەدەها کەسانی ناودارو پلەداری دیکە .

کۆمەڵێ کەژی گەردن کەش ئەم شارەی لە باوش گرتووە وەك: گۆیژەو ئەزمڕو پیرەمەگروون بەشێوەیەکی وا بووەتە جێی سەرەنج ڕاکێشانی گەشتیارانو شارەکەیان ڕازاندووەتەوەو دڵگیریان کردووەو هەروەها ئەم شارە گەلێك گەڕەکی جوانو دڵگیری لێیە وەکو گەڕەکی هەوارەبەرزەو ئەزمڕو گۆیژەی نوێو ئازادیو بەختیارییو کارێزە وشكو هەواری تازەو دارۆغاو کانی ئاسکانو شۆڕشو سەرچنارو چوارچراو...هتد.

ڕاهێنانی (١)

وانەكە بەوردی بخوێنەرەوە پاشان وەڵامی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بدەرەوە؟

١- شاری سلێمانی بە چی ناسراوە ؟

٢- كەی شاری سلێمانی بەردی بناغەی دانرا ؟

٣- سلێمانی كەوتۆتە كام لای وڵاتەكەمانەوە ؟

٤- ناوی چەند شاعیرێكی شاری سلێمانی بڵێ ؟

٥- چی شاری سلێمانی لە باوەش گرتووە؟

ڕاهێنانی (٢)

ئەم ڕستانەی خوارەوە لە ڕووی ڕێكخستنی وشەوە هەڵەن ، لە وانەكەدا بیاندۆزەرەوەو هەڵەكانیان ڕاست بكەرەوە ، پاشان بەشێوەیەكی ڕاست دایان ڕێژە:

١- سلێمانی ناسراوە شاری هەڵمەتو بە قوربانی .

٢- سلێمانی بەردی بناغەی داناوە سلێمان پاشای بابان .

٣- بووە ئەم شارە مێژەوە لە مەڵبەندی فەرمان ڕەوایی نەتەوەی كورد .

٤- ئەم شارەی گرتووە لە باوەش كۆمەڵی كەژی گەردن كەش .

ڕاهێنانی (٣)

هاودژی ئەم وشانەی خوارەوە بنووسە :

١- شار	٦- دلێر
٢- ڕۆژهەڵات	٧- هۆشیار
٣- نەپچڕاو	٨- چالاك
٤- کۆمەڵ	٩- ژیان
٥- دێرین	١٠- بەتام

واتای وشەکان

وشە	واتاکەی
هەڵمەت	حملة
کەوتۆتە	تقع
ڕۆژهەڵات	شرق
زایینی	ميلادي
بەردی بناغە	حجر اساس
مەڵبەند	مركز
فەرمان ڕەوایی	حكم
زنجیرە	سلسلة
نەپچڕاو	متواصل ، بدون انقطاع
کەسایەتی	شخصية
لاوچاکان	فرسان
دێرین	عريق ، قديم
دەیەها	عشرات
بلیمەت	عبقري
گەڕەك	محلة

وانەی سێیەم

زانای گەورەی کورد

تۆفیق وەهبی

١٨٩١- ١٩٨٤ز

زانای گەورەی کورد (تۆفیق وەهبی) کوڕی مەحەمەدە ، لە سلێمانی لە دایکبووە ، لە ساڵی ١٩٠٨ز دا ئامادەیی سەربازیی لە بەغدا تەواوکردووە، پاشان چۆتە ئەستەمبوڵ ، خوێندنی باڵاو ئەرکانی تەواوکردووە ، بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە . لە مانگی ئابی ١٩١٩ ز دا تۆفیق وەهبی گەڕایەوە بۆ عێراق و کرا بە قایمقامی ڕانیە .لە کۆتایی سییەکانی سەدەی بیستەمەوە لە کاری سیاسیی و دەوڵەتی دوورکەوتەوەو ، بۆ خزمەتی وشەی کوردی ، خۆی تەرخان کردووە ، شارەزاییی و دڵسۆزی تۆفیق وەهبی هێندە زۆر بوو کردیان بە ئەندامی کاراو جێگری یەکەمی سەرۆکی (کۆڕی زانیاری عیراق) ، چەند جارێك بەناوی عێراقەوە لە کۆنگرە زانستییە جیهانییەکاندا بەشداری کردووە ، کەساڵی ١٩٧٠ (کۆری زانیاری کورد) دامەزرا ، تۆفیق وەهبی یەکەم کەس بوو کە بە ئەندامی شەرەفی ئەو کۆڕە هەڵبژێردرا . تۆفیق وەهبی زۆر بایەخی دەدا بە زمانی کوردی ، چونکە باوەڕی وا بوو کە لە بارودۆخی ناسکی کوردستاندا زمان قەڵغانی یەکەمی پاراستنی نەتەوەیە .

له سالّی (١٩٢٩ـ ١٩٣٠ن)دا کتێبی (دەستووری زمانی کوردی) دانا ، کە بە یەکەم کتێبی زمانەوانی کوردی دەژمێردرێت .

ئەم زانا گەورەیی کوردە ، لە بواری چیرۆکنوسیشدا بۆ ڕۆژگاری خۆی سوارچاکێکی بێ وێنە بووە، چیرۆکەکانی (بەختیارو بەدبەخت) و (قەزای گۆزە کەوت لە دیزە) ، یان ئەو چیرۆکانەی کە لە ڕۆژنامەی (دەنگی گێتی تازە)دا بڵاوی کردونەتەوە،سەرجەمیان لەڕووی زمانەوە شیرینو ڕەوانن ، لەڕووی هوونەرەوە بێ گرێو تۆکمەن .سەرقاڵی(دەستووری زمانی کوردی)و(ڕێنووسی کوردی بە عەرەبیو بە لاتینی) و (بارامی گۆڕ) و (مێژووی ناوی کەرکووكو شارەزور) و دەیان باسی تر بوو ، لە ڕۆژنامەی (دەنگی گێتی تازە)دا چوار بەرهەمی بەپێزی تری لە بارەی : مەمو زینی ئەحمەدی خانی و پیرەمێردو دەستووری زمانی کوردیو (ئەحەی کوڕنوو)ی بڵاوکردەوە . ئەمانەو دەیان نووسینی بەپێز قەرزی تۆفیق وەهبین بەسەر کوردەوە ، لەبەرئەوە لە مانگی کانوونی١٩٨٤ز دا بە هەزاران کورد بوون بە وەجاخو نەوەی ئەو ، لەسەر داوای خۆی تەرمەکەیان بە چیای پیرەمەگروونی سەرکەش سپارد .

توفیق وەهبی

ڕاهێنانی (١)

وەڵامی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بدەرەوە :

١- تۆفیق وەهبی لە چ ساڵێك لە دایك بووە ؟

٢- كۆڕی زانیاری كوردی لە كام ساڵەدا دامەزراوە ؟

٣- ئەو كتێبانە كامانەن كە لە ساڵی (١٩٢٩ـ١٩٣٠ز)دا دایاننا‌ون ؟

٤- كەی تۆفیق وەهبی چووەتە ئەستەمبوڵ بۆ تەواوكردنی خوێندنی باڵاو ئەركان؟

ڕاهێنانی (٢)

نیشانەی (✓) بەرامبەر وەڵامی ڕاست دابنێ‌و نیشانەی (✗)یش بەرامبەر وەڵامی هەڵە دابنێ‌و پاشان هەڵەكان ڕاست بكەرەوە ئەگەر هەبوو :

١- لە ساڵی (١٩٢٩)ی زایینی تۆفیق وەهبی گەڕایەوە بۆ عیراق .

٢- زانای گەورەی كورد مامۆستا تۆفیق وەهبی تەنها جارێك بەناوی عیراقەوە لە كۆنگرە زانستی‌یە جیهانی‌یەكاندا بەشداریی كردووە.

٣- مامۆستا تۆفیق وەهبی كەم سەری لە بواری چیرۆك نووسیندا بۆتەوە .

٤- زانای گەورەی كورد مامۆستا تۆفیق وەهبی لە شاری سەرسەنگ لە دایك بووە .

ڕاهێنانی (٣)

هاوواتای ئەم وشانەی لای خوارەوە بدەرەوە :

گەلێك ، شارەزا ، وشە ، بایەخ ، ناسك ، گێتی ، سەرجەم ، تەرم ، داوا.

واتای وشەکان

وشە	واتاکەی
خوێندنی باڵا	التعليم العالي
وتار	مقالة
گۆڤار	مجلة
داڕشتن	صياغة ، انشاء
زنجیرە	سلسلة
سەرقاڵی	انشغال
ڕێنووس	املاء
تازە ، نوێ	جديد
زمانەوان	لغوي
وەجاخ	ذرية ، اصل

وانەی چوارەم

مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس
١٩٠٦ـ ٢٠٠٥ ز

ئەم زانا هەڵکەوتووە بەناوبانگە لە گوندی (تکیە)ی نزیك خورماڵ لە پارێزگای سلێمانی لەدایکبووە ، لە تەمەنی منداڵیدا باوکی کۆچی دوایی کردووە ، دایکی و مامەکانی سەرپەرشتیان کردووە .

لە پاش چەند ساڵێك لەسەر داوای (شێخ عەلائەددین) دەبێتە مەلاو مودەڕیسی بیارە . لە ساڵی١٩٥١دا لە بیارەوە دەچێتە سلێمانی و دەبێتە مەلایەکی بەناوبانگو خۆشەویست ، لە ساڵی ١٩٥٤دا دەچێتە کەرکووك و دەبێتە مودەڕیسو مەلای تەکیەی تاڵەبانی . لە پاش ماوەیەك دەگوازرێتەوە بۆ بەغدا لە مزگەوتی (ئەحمەدی) نزیك وەزارەتی بەرگری ، لە پاش تاقیکردنەوە دەبێتە مودەریس لە مزگەوتی غەوس ، لە ساڵی١٩٧٣ دا خانەنشین دەکرێت بەڵام لە هەموو وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامەوە زانستخوازانی ئاینی دێنە لای و دەخوێنن . ئەم کەڵە زانایە لە بەغدا دەبێتە مەشخەڵانێك بۆ کوردو بۆ ئەدەبو مێژووی کورد...بۆ زانستە ئیسلامییەکان . مەلاعەبدولکەریم هەتا ساڵی (**١٩٨٣**)زیاتر لە (٤٧) کتێب بە عەرەبیو کوردیو فارسی داناوە ، هەندێ لەو کتێبانە وەك (تەفسیری نامی)(٧ـ ٨) بەرگنو زۆربەیان چاپکراون . مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە مزگەوتی گەیلانی لە بەغدا شەرەفی ئەوەی پێدراوە کە لە

غەوسـدا پێشـنوێژی عەسـرو نیوەڕۆ بـکاتو وانە بـە زانستخوازان بڵێت، پاشان بووە بە (موفتی هەموو عیراق)، لە ساڵانی ١٩٧٤ ـ ٢٠٠٣ دا سەرۆکی (رابیتەی زانایانی ئیسلام) بووە لە عیراق، لە ساڵی ١٩٧٤ز هەتا کۆچی دوایی ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری عیراق بووە، بەڵام ئەندامێتی مامۆستاو کارای لە کۆڕدا لە(١٥) ساڵ زیاتر نییەو دواتر (ئەندامی شەرەف)ی کۆڕ بووە، لە شەوی ٢٩/ ٣٠ـ ٨ـ ٢٠٠٥ دڵە پڕ لە زانستو نوورەکەی وەستاو ماڵئاوایی کرد لە گەلەکەیو ناوی شکۆداری هەمیشە زیندووە لە کوردستانو لە عیراقو جیهانی ئیسلامدا .

وێنەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

ڕاهێنانی (١)

وەڵامی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە بدەوە :

١- مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە ساڵی چەند لە دایك بووە ؟

٢- مەلا عەبدولکەریم کەی باوکی کۆچی دوایی کردووە ؟

٣- مەلا عەبدولکەریم لە سەر داوای کێ دەبێتە مەلاو مودەڕیسی بیارە ؟

٤- مەلا عەبدولکەریم لە چ ساڵێك خانەنشینی دەکرێت ؟

ڕاهێنانی (٢)

هاوواتای ئەم وشانەی لای خوارەوە بنووسە :

تاقیکردنەوە ـ کۆچی‌دوایی ـ پاش ـ مۆڵەت ـ کۆدەبنەوە
بەناوبانگ ـ ئەدەب ـ ئەمڕۆ ـ ئاسوودە ـ هەمیشە .

ڕاهێنانی (٣)

هاودژی ئەم وشانەی لای خوارەوە بنووسە :

نزیك ـ زۆر ـ باش ـ دەچێت ـ ژیان ـ گوند

واتای وشەکان

وشە	واتاکەی
زانا	عالم
هەڵکەوتوو	عبقري
خۆرماڵ	اسم مدينة في محافظة السليمانية
مامە	عم
سەرپەرشتیکردن	اشراف
ڕۆژگار	زمن
مزگەوت	جامع
زانستەکان	العلوم
ئایین	دين
وەرگرتن	قبول
زانستخوازان	طلاب العلم
کۆبوونەوە	تجمع ، اجتماع
گواستنەوە	نقل
بەرگری	دفاع
خانەنشین	تقاعد
مەشخەڵان	شعلة
بوار	مجال
وانەوتنەوە	محاضرة

مۆڵەت	اجازة ، رخصة
دانان ، ئامادەکردن	اعداد ، وضع
کۆڕی زانیاری	المجمع العلمي
ئەندامێتی	عضوية
کارا	فَعّال
هەمیشە زیندووە	خالد

بەشی وەرگێڕان

خۆڕاهاتن لەسەر وەرگێڕان و چۆنێتی داڕشتنی

ڕۆژ باش .	نهار سعيد .
تکایە ، کام ڕێگای بەرەو قوتابخانەی ئازادی دەڕوات .	من فضلك ، اي الطريق المؤدي الى مدرسة آزادي .
لێرەوە .	من هنا .
چۆن دەتوانم بگەمە ناو قوتابخانە ناوبراوەکە؟	كيف استطيع أن اصل الى المدرسة المذكورة ؟
ناوی ئەم شەقامە چی‌یە ؟	ما اسم هذا الشارع ؟
ئێمە بەدوای ئەم ناونیشانە دەگەڕێین .	اننا نبحثُ عن هذا العنوان .
ئایا دەتوانیت بەهۆی ئەم نەخشەوە ڕێنماییم بکەیت ؟	هل تستطيع ان ترشدني بواسطة هذةِ الخريطة ؟
بێ گومان ڕێگاکەمان لێ ون بوو .	لقد ضَلَلْنا الطريق .
ئایا دەتوانین بەپێ بڕۆین ؟	هل نستطيع ان نذهب الى هناك مشياً ؟
بەڵێ ، بە خۆشی‌یەوە .	نعم ، بكل سرور .
تکایە کاتژمێر چەندە ؟	كم الساعة من فضلك ؟
کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆیە .	الساعة الثانية عشر ظهراً .
نەختێك چاوەڕوانم ببە .	انتظرني قليلاً .

دەمەوێت لەگەڵ کاك...بدوێم(قسەبکەم)	اريد ان اتكلم مع السيد ...
ببوورە دەتوانم چراکە بکوژێنمەوە ؟	عفواً اقدر ان اطفئ المصباح ؟
ئایا دەتوانیت بۆ گەراجی ئۆتۆمبیلەکان ڕێنماییم بکەیت ؟	هل تستطيع ان تدلني الى كراج السيارات ؟
ئایا ئەم پاسە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی دەڕوات ؟	هل سيذهب هذا الباص الى المديرية العامة للدراسة الكردية ؟
تکایە پێم بڵێ ڕێگای وەزارەتی پەروەردە لە کوێیە ؟	قل لي من فضلك اين الطريق الى وزاره التربيه .
لە کاتژمێری چەند فڕۆکەکە دەکەوێتە ڕێ ؟	في اي ساعة تقلع الطائرة ؟
دەمەوێت بە زووترین کات بگەمە فەرمانگەکەمان .	اريد ان اصل الى دائرتنا بأسرع وقت .
ئەم شەو دەمەوێت زوو بنووم(بخەوم) .	اريد ان انام هذهِ الليلة مبكراً .
دوێنێ بۆ بەشی زمانی کوردی چووم.	يوم أمس ذهبت الى قسم اللغة الكردية .
نووسینگەی بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی لەکام لایە ؟	اين مكتب السيد المدير العام ؟
کاری ئەمڕۆ مەخەرە سبەینێ .	لاتؤجل عمل اليوم الى الغد .

پیاوەتی بکە تکایە لێرە دابنیشم؟

اجلس هنا من فضلك ؟

ببوورە ، کتێبەکان لە ڕێو شوێنی خۆیاندا دابنێ .

عفواً ، ضع الكتب في اماكنها .

کتێبەکەم خوێند بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرم.

قرأتُ الكتابَ كي أستفيد منهُ.

ئەم کێشەیە زۆر ئاڵۆزە .

هذهِ المسألة معقدة جداً .

سەری بۆ پێشەوە بەرەو سینگ شۆڕدەکاتەوە (نیشانەی شەرم گرتنە).

يدلي رأسهُ الى الامام نحو الصدر (علامة على الخجل) .

سەرت لە پەنجەرەکەوە مەهێنە دەرەوە .

لا تخرج رأسك من النافذة .

لێرەدا بۆ ماوەی دوو حەفتە دەمێنینەوە .

نبقى هنا لمدة اسبوعين .

کەی بۆ نیشتمان دەگەڕێتەوە ؟

متى ستعود الى الوطن ؟

تۆ بۆ کام لا دەچیت ؟

الى اين انت ذاهب ؟

کام کتێبە دەخوێنیت ؟

اي كتاب تقرأ ؟

لەناو کتێبخانەکەدا فەرهەنگی زۆر هەیە .

يوجد في المكتبة كثير من القواميس .

مامۆستاکە لە کۆنگرەکەدا گەڕایەوە .

عاد الاستاذ من المؤتمر .

باخەوانەکە لە ژێر درەختەکەدا دانیشت .	جلس البستاني تحت الشجرة .
ماڵمان دەکەوێتە ناوچەی شوعلە لە بەغدا .	يقع منزلنا في منطقة الشعلة في بغداد .
کارەکە سێ کاتژمێر دەخایەنێت.	يستغرق العمل ثلاث ساعات .
ناتوانم لەو دەستەواژە تێبگەم .	لا استطيع ان افهم تلك العبارة .
کامەران قوتابییەکی ڕووخۆشە .	كامران طالب مريح .
تابلۆی کلیلەکانی فەرمانگەکە .	لوحة مفاتيح الدائرة .
ئایا تۆ خوێنەرێکی خێرایت ؟	هل انت قارئٌ سريع ؟
چاوم کەوتە سەحەری ئامۆزام .	التقيت ابنة عمي سحر .
ئەو پیاوەی کە بینیم ، هۆزانڤانێکی کوردی بوو .	الرجل الذي رأيته ، كان شاعراً كوردي .
ئەم سەعاتە زێڕە .	هذه الساعةُ من ذهب .
دایکی خۆشەویستو باوکی بەڕێزت لە کوێن ؟	اين والدتك العزيزة و والدك المحترم؟

چیت دەوێ ؟	ماذا ترید ؟
چی ڕووی داوە ؟	ماذا حدث ؟
کێ لێرەیە ؟	من هنا ؟
ناونیشانم ئەمەیە .	هذا عنواني .
ئەو بێ کارە .	انها عاطلة عن العمل .
جگێرەکێشان قەدەغەیە.	التدخین ممنوع .
ئەمە هەرزانە .	هذا رخیص .
ئەمە زۆرگرانە .	هذا غال جداً
لە یەك کاتدا .	في آن واحد .
لە هەمان کاتدا .	في نفس الوقت .
تکایە لێرەوە .	ارجوك من هنا .
تکایە گوێم لێ بگرە .	اسمعني رجاءً .
ڕێگاکە داخراوە .	الطریق مغلق .

سەرم ژان دەكات .	رأسي يؤلمني .
بۆ كام لا دەچیت ؟	الى اين تذهب ؟
چوونە ژوورەوە قەدەغەیە .	الدخول ممنوع .
ناونیشانەكەی ئەمەیە .	هذا عنوانه .
ئەمە لەوێدا دابنێ .	ضع هذا هناك .
كێ ئەمەی بە تۆ وت (گوت) ؟	من قال لك هذا ؟
ئەو ئافرەتە كێیە ؟	من تلك السيدة ؟
ئەمە چەند دەخایەنێت ؟	كم يستغرق هذا ؟
كەی یەكتری ببینین ؟	متى سنلتقي ؟
لە كەیەوە چاوەڕوانیم دەكەیت ؟	منذ متى تنتظرني ؟
بۆچی خۆت بێزار دەكەیت ؟	لماذا تزعج نفسك ؟
ئەمەت لە كام لا دۆزییەوە ؟	اين وجدت هذا ؟
ئایا دەتوانم بڕۆم (بچم) ؟	هل استطيع ان اذهب ؟
هیوام خۆشیتە .	اتمنى لك السعادة .

ئەم کلاوە هی کێیە ؟	لمن هذه القبعة ؟
ناوم تۆماربکە .	سجل اسمي .
دایكو باوکم هاتن .	جاء امي وابي .
من فەرمانبەرم ، ئەو کرێکارە .	انا موظف ، هو عامل .
چوار برام هەیە .	لدي اربعة اخوة .
بەبێ سوود قسەی کرد .	تكلم بدون جدوىٰ .
بە شێوەیەکی گشتی .	بصورة عامة .
بارانەکە کۆتایی پێ هات	لقد انتهىٰ المطر .
دایکم دوێنێ گەیشت .	لقد وصلت امي البارحة .
تکایە من ببە بۆ سینەما .	رجاءً خذني الى السينما.
بەداخەوە هەموو جێگاکان گیراون	للاسف كل الاماكن محجوزة.
ئایا ئەم پاسە بۆ ناو شار دەچێت ؟	هل يذهب هذا الباص الى داخل المدينة ؟
ئایا مۆڵەتی لێخوڕینت هەیە ؟	هل لديك رخصة السياقة ؟
نزیکترین مزگەوت دەکەوێتە کام لا ؟	اين يقع اقرب جامع ؟

نمرەی تەلیفۆنەکەت چەندە ؟	ماهو رقم هاتفك ؟
دەبێت چەند دینار بدەم بە تۆ ؟	كم دينار يجب ان ادفع لك ؟
تاکەی مۆزەخانەکە بەکراوەیی دەمێنێتەوە ؟	الى متى يظل المتحف مفتوحاً؟
بۆچی وەڵامی پرسیارەکەم نادەیتەوە ؟	لماذا لم تجب على سؤالي ؟
لە کام لاو کەی ئەمەت گوێ لێ بووە ؟	اين ومتى سمعت هذا ؟
ئەمڕۆ چ بەروارێکە ؟	ماهو تأريخ اليوم ؟
پاش دوو ساڵی تر خوێندنەکەی تەواودەکات .	سينتهي دراسته بعد عامين.
ئەو هەمیشە سەری قاڵە .	انه مشغول دائما .
زۆربەی ئیشەکانی جێبەجێ کرد .	نفذ معظم عمله .
پیاوەتی بکە پێم بڵێ .	من فضلك قل لي .
تکات لێ دەکەم بۆم بهێنە .	ارجوك اجلب لي .
ئایا لێرەدا کەسێك هەیە بە زمانی کوردی قسەبکات ؟	هل من يتكلم باللغة الكردية هنا ؟
تکایە بە هێواشی قسەبکە .	تكلم ببطئ رجاءً .
ماوەم بەدەستەوە نییە چونکە ئیشم زۆرە .	ليس لدي وقت لانني مشغول.

ڕاهێنانی (١)

ئەم ڕستانەی لای خوارەوە بگۆڕە بۆ زمانی کوردی :

١- انتم رجال الغد .

٢- فُتحَ الباب .

٣- ركِبَ علي الحصان .

٤- شربَ الولدانِ اللبنَ .

٥- ما زالَ الحر شديد .

٦- قم احتراماً لاستاذك .

٧- اختفى الولدُ وراء الشجرة .

٨- النمرُ شرسُ .

٩- اين تسافر اسافر معك .

١٠- في الحقل عشرون بقرة .

١١- اصبح الكسلان بالحيرة .

١٢- جاء المدرس فوقف التلاميذ .

١٣- وقف الجنود حتى القائد .

١٤- هل يذوب الحديد في النار .

١٥- فهِم التلميذُ الدرس .

١٦- افهَم الاستاذ التلميذ .

١٧- رفع الجندي الراية .

١٨- اكل الثعلبُ الدجاجة .

١٩- حمل الحمالُ الحطبَ .

٢٠ـانتم تفهمون الدرسَ .

٢١- لاتقل إن العمل شاق .

٢٢- الحركة تقوي العضلات .

٢٣ـ اكلَ الفأرُ الجُبن .

٢٤ـ وقفت امام المرآة .

٢٥- جلَستُ مع صديقي لحظة .

٢٦- شكر الولد أمه .

ڕاهێنانی (٢)

ئەم ڕستانەی لای خوارەوە بگۆڕە بۆ زمانی عەرەبی :

١ـ لە کانگای دڵمەوە .

٢- بەبۆنەی ساڵی نوێ پیرۆز باییت لێ دەکەم .

٣- ئەمە ماوەیەکی زۆرە ئاتبیم .

٤ـ سوپاس ناتوانم لێرە بمێنمەوە .

٥- بەداخەوە من دەمەوێت بڕۆم ، بەیارمەتیت .

٦- بۆ دەتەوێت بڕۆیت ؟

٧- چونکە گەلێك کارم هەیە ، سەرم قاڵە .

٨- ئەتوانم سبەینێ بتانبینم ؟

٩ـ کەی دەتوانم بتبینم ؟

١٠- ئەم فۆرمە پڕبکەرەوە .

١١- تا ئێستا بۆ ئەم وڵاتە گەشتتان کردووە ؟

١٢- نەخێر ئەمە یەکەم جارە .

١٣- ئێمە ئێستا لە کوێین ؟ ناوی ئەم شەقامە چییە ؟

ڕاهێنانی (٣)

ڕستەکانی لای خوارەوە بەم وشانە (کاری گەری ، دڵسۆز ، من ، بەناوبانگ ، پیشە ، ئاموزا ، ساڵ ، ئەوان ، هات ، چاك ، دەستەکانتان ، نەخۆشەکان ، چوو ، ئایندە) تەواوبکە :

١ ـ باوکی ئەحمە ئەندازیارێکی ــــــــــــــــــــ ە .

٢ ـ ئەو بۆ دیداری ــــــــــــــــــــ بۆ خەستەخانە ــــــــــــــــــــ .

٣ ـ پشووبدە تاوەکو تەندروستیت ــــــــــــــــــــ ببێتەوە .

٤ ـ ئەگەر وەڵامەکە دەزانن ــــــــــــــــــــ بەرزبکەنەوە .

٥ ـ لە ڕاستیدا ــــــــــــــــــــ زۆر زیرەکن .

٦ ـ ــــــــــــــــــــ پزیشکەکان چارەسەرکردنی ــــــــــــــــــــ ە .

٧ ـ باوکی ئازادی ــــــــــــــــــــ م ئەندازیارێکی لێهاتووە .

٨ ـ لە ساڵی ــــــــــــــــــــ دا فەرهەنگ چاپ دەکەین .

٩ ـ قوتابخانەکەمان هەموو ــــــــــــــــــــ یك ئاهەنگ دەگێڕێت .

١٠ـ ئایا دەرمانەکە ــــــــــــــــــــ یکی هەبوو ؟

ڕاهێنانی (٤)

نیشانەی (✓) بەرامبەر ڕستە ڕاستەکان دابنێ و نیشانەی (×) یش بەرامبەر ڕستە هەڵەکاندا دابنێ و هەڵەکان ڕاستبکەرەوە :

١- من هەزارو حەوت سەد دینارت پێیە .

٢- لە ساڵی دوو هەزارو هەژدەدا جامی جیهان دەستی پێکرد .

٣- ئەگەر ئیش نەکەیت گوزەرانت تاڵ دەبێت .

٤- باوکی نەیهێڵا ئەو بۆ سینەما بڕۆن .

٥- ئێمە دوێنێ کۆبوونەوەتان هەبوو .

٦- من و هاوڕێکەم ڕۆشتن بۆ بازاڕ .

٧- ئایا دەتوانیت لەم فەرهەنگەدا وشەی سێو پەیدابکەم ؟

٨- تکایە تۆ دەتوانیت ئەم گۆڤارە بدە بە نازدار .

٩- من زۆر جار نامەت بۆ تۆ نووسی بەڵام هیچ وەڵامێکم دەستان نەکەوت .

١٠- ئەو وتی من حەزناکەیت لە گۆشتی ماسی .

ئەمانەی لای خوارەوە چەند پەندێكی كوردیی ڕەسەنن :

ـ ئاگر نەگەیشتە جێگا ، دوكەڵی لێ هەڵسا :

واتە :لە ژێر ئەم كاسەیە شتی تری تێدایەو بۆ فرۆفێڵ بەكاردێت.

ـ ئەگەر زەمانە هێناتیە پێكەنین ، وریابە نەتگرییێنێ ساڵێك :

واتە: ئەگەر تووشی خۆشیەك بووی ، یاخی مەبەو لە خۆت بایی مەبە ، با تووشی ناخۆشییەك نەبیت كە خۆشییەكەت لە بیر بباتەوە .

ـ چاوی برسی بە خۆڵ نەبێ چاوی تێر نابێ :

واتە : تەماحكار بەمردن نەبێ چاوی تێر نابێ .

ـ خوا دەردی داوەو دەرمانیشی داوە :

واتە : ئەبێ لە كاتێكدا كە تووشی نەخۆشی دەبی بەدوای چارەسە بگەڕێیت .

ـ ئەگەر سەرت نایێشێ پەڕۆی تێ مەئاڵێنە :

واتە : ئەگەر كارو كێشەیەك پەیوەندیی بە تۆوە نەبوو خۆتی تێ مەئاڵێنە .

ـ فێری ڕۆیین به ، ئنجا دەست بکه به ڕاکردن :

واته : هەرچاکەیەکت کرد بی بەرەسەر تا دوایی .

ـ کانی یەك ئاوت لیٚ خواردەوە ، بەردی تیٚ فڕیٚ مەرد :

واته : هەرچی شتێك که بەهرەت لیٚ وەرگرت لەقەی لیٚ مەدە .

ـ کوچك تا نەجۆڵیٚ ، سەنگینه :

واته : هەموو کەسێك له شوێنی خۆی بەڕێزه .

ـ گەر له بێشه شێر نەما ، گورگو مام ڕێوی ئەکەونه سەما :

واته : ئەمه دەستوورێکی ڕاستودروسته ، خوا نیشانی هیچ گەلێکی نەدا چونکه ئەمه سەرەتای مردنیەتی .

ـ له چۆڵو بیابانا بی لەگەڵ زۆردارا ، لەوه باشتره که ڕۆژ بکەیتەوه له کۆشکا لەگەڵ نەزانا :

واته : زۆر دووربینو پارێزگاره .

– دەوڵەمەندی بە دڵە نەك بە ماڵ ،گەورەیی بە عەقڵە نەك بە ساڵ:

دەوڵەمەند کەسێکە ، کە دڵی فەراوان بێ ، با نەشی بێ ، هەژاریش کەسێکە ، کە ڕووناکی لە دڵی دا نەبێ ، با زۆریشی ببێ هەر وەك گەورە ئەوەیە کە ژیر بێ، با بە تەمەنیش منداڵ بێ، بچووك ئەوەیە کە ژیر نەبێ با تەمنیشی زۆر نەبێ .

– دوای کلاَوی بابردوو کەوتووە :

بە یەکێك دەوترێ دوای کارێکی وا کەوتووبێ کە هەرگیز بۆی نەبێ .

– ڕازت لای یەکێك دانێ و پرست لای هەزار :

واتە: نهێنی دڵی خۆت بەکەس مەڵێ ، بەلاَم بۆ هەموو کارێك تا دەتوانیت ، پرس بکەو ڕاوێژ لەگەڵ دۆستدا بکە .

– ڕووبەڕوو دەم چەور ، پاشملە دەم تەور :

لە ڕووتدا دۆست و لە پاشملە دوژمنە .

– ڕێویەکی گەڕۆك ، لە شێرێکی نوستوو چاکترە :

واتە: چونکە یەکەم شتێکی هەر لە دەست دێ ، بەلاَم دووەم هیچی لە دەست نایەت .

– سەد ساڵ بکەیت بێگانە پەرستی ، دوایی هەر دێنێت نشوستی :

چونکە بێگانە هەر قازانجی خۆی و پاشکەوتنی تۆی دەوێ .

– سەرێ بە دەستی خۆت نەیخورێنی، خورری ناشکێ:

چونکە کەس وەکو خۆت شارەزای دەردی تۆ نی یە، واتە هەموو کەس دەبێ خۆی دەرمانی دەردی خۆی بکات.

– سەری بێ سەودا ناوەستێ:

بە یەکێك دەوترێت کە بە بێ ئیش وکارو هەوڵ و تەقەلا دانەنیشێ.

– سەرێك لەناو سەرانا نەبێ بەر شەقان کەوێ:

واتە: ئەوکەسەی دوورەپەرێز بێ لە خزمەتی کۆمەڵەو گەل بۆ نەمان چاکە.

– شانم کردووە کۆمە، هەڵم گرتووە لۆمە:

واتە: بە یەکێك دەوترێ، کە لۆمەیەك رووی کردبێ و گوێی نەداتێ.

– شەق دەزانێ قۆناغ لە کوێ یە:

بە یەکێك دەوترێ، کە پێویستێکی سەرشانی بەجێ نەهێنابێ و ئێستا بە زۆر پێی بکرێت.

– شوانی ناپاك لە گورگێ خراپترە:

چونکە گورگەکە مەرێ دەخوات ئەروا، بەڵام شوانی ناپاك هەموو رۆژ دەستی ناپاکی ئیش دەکات.

– فێرکەران فێریان مەکە ، کە فێریان ئەکەیت تێریان بکە :

واتە: هەر چاکەیەکت کرد بی بەرەسەر تا دوایی .

– قازانج سەری مایەی خوارد :

واتە: بۆ قازانج چووم کە چی دەست مایەکەشم دانا .

– قسە یا لە شێت ببیسە یان لە مندالّ :

کەواتە لە قسەی باشدا ، درێغی مەکە ، یاخۆ بە یەکێك دەوترێ کە قسەی هاشە هوشە زۆر بکات .

– کاتێك جەنگیت ئاشتیت لە بیربێ :

واتە: بەشی ئاشتی تیا بێلّەرەوە .

– کە پیاو زۆری وت ، چاکیش ئەلّێ و خراپیش ئەلّێ :

واتە: کەوابوو زۆر قسە مەکە باخراپ بە دەمتدا نەیەت .

– کەس لە پڕێ ، نابێ بەکوڕێ :

واتە: هەموو ئادەمی یەك لە پێشەوە هیچ نازانێ ، لە پاشدا بەرەبەرە گەورەدە بێت و ژیردەبێ تا دەبێ بە مرۆڤێکی تەواو .

– کونە مشکی لێ بووە بە قەیسەری :

یەکێك دەوترێت لە ترساندا نەزانێ چی بکات و چۆن خۆی بشارێتەوە

– گەورە ئاو ئەڕێژێ و بچووك پێی تێ ئەخا :

واتە: كە وابوو ئەی گەورە، ئاوی باش بڕێژە بۆ بچووك، هەمیشە سەرمەشقی چاك بە بۆی .

– گوریس لە كوێ پسا لەوێ گرێی بدەرەوە :

واتە: تووشی هەر مەسرفێك بوویت بە قەد پێویست پارە خەرج كە نەكەیت زیاتر لەوە خەرج بكەیت .

– گوێزبە ژمارە، مایەی خاوەنی دیارە :

بەلام بە گۆترە نە مایە دیارەو نە قازانج .

– لە ئاوی مەندو لە پیاوی مۆن بترسە :

چونكە نازانیت چی لە دەرووندایە .

– لەسەرەوە شۆخ لە ژێرەوە پەڕۆ :

واتە: بە یەكێك ئەوتری لە سەرەوە كالای جوان و لە ژێرەوە كالای دڕاوی لە بەردابێ یا بە دیمەن لە پێستی مەڕو بە دڵیش گورگ بێ.

ئەمانە چەند کردارێکی ڕابوردوون کە زۆر بەکاردەهێنرێن

کوردی	عەرەبی	کوردی	عەرەبی
دای هێنا	إخترعَ	هەڵەی کرد	أخطأَ
پاڕایەوە	إبتهلَ ، توسلَ	دوڕاندی	فشل ، خسرَ
شادمانی کرد	أبهجَ ، أفرحَ	چۆڵی کرد	اخلى
تاوانباری کرد	إتهمَ	تۆمەتباری کرد	ادانَ ، اتهمَ
ورووژاندی	أثارَ	دەرکی پێ کرد	ادركَ
ناچاری کرد	اجبرَ	خووی پێوە گرت	ادمنَ
پەڕی یەوە	عبرَ	سەرسامی کرد	ادهشَ ، اذهلَ
ناڕەزایی دەربڕی	إحتجَ	هێوری کردەوە	اراحَ
قۆڵ بەستی کرد	إعتقلَ	شڵەژانی	اربكَ
هێنای	أحضرَ ، جلَبَ	گومانی لێکرد	ارتاب ، شكَّ
خەمباری کرد	أحزنَ	لەری یەوە	ارتج ، اهتزَ
بووژاندی یەوە	أنعشَ	تاوانی کرد	اقترفَ ، ارتكبَ
هەڵی بژارد	اختارَ	خاوی کردەوە ، شلی کردەوە	ارخى
وەری گرت	أخذَ	ناردی	ارسلَ ، بعثَ
کورتی کردەوە	إختصرَ	ڕابەری کرد	ارشدَ
شارایەوە	إختفى	قایلی کرد	ارضى ، اقنعَ
دەری هاوێشت	أخرجَ	لای برد	ازاحَ ، ازالَ
درۆی هەڵبەست	إفترى		

به کرێی گرت	استأجرَ
دووری خستەوە ، لای برد	استبعدَ
وەڵامی دایەوە	اجابَ
بەکاری هێنا	استعملَ
پەسەندی کرد	استحسنَ
بانگی کرد	استدعی
گەڕانی یەوە	استرجعَ ، استردَ
بەدیلی گرت	اَسَرَ
دای مەرزاند	اسسَ
دەست بەرداری کرد	استغنی عن
بەردەوام بوو	استمرَ
لە بەری گرتەوە	استنسخَ
هەڵی مژی	استنشقَ
پەلەی کرد	اسرعَ ، استعجلَ
بێ دەنگی کرد	اسكتَ
بەردەوام بوو	ثابرَ ، واظبَ
ورۆژا	ثابرَ
یاخی بوو	تمرّدَ
هەڵقوڵی	تفجَّرَ

جێگری کرد	ثبتَ ، رسخَ
سەلماندی	ثبّتَ
خەست بووەوە	ثخُنَ ، تكثّفَ
چەنەبازیی کرد	ثرثرَ
بەخشی	سامحَ
لێی خوڕی	ساقَ ، قاد السيارة
ئاماژەی کرد	اشارَ
ڕاوی کرد	اصطادَ
گوێی گرت	اصغی
چاکسازی کرد	اصلحَ
گومی کرد ، بزری کرد	اضاعَ
زیادی کرد	اضافَ
بێزاری کرد	اضجَرَ
لاوازی کرد	اضعفَ
پۆزشی هێنایەوە	اعتذرَ
بانگەشەی کرد	اعلنَ ، صرحَ
خۆی شۆرد	اغتسلَ
تووڕەی کرد	اغضبَ
وای دانا	افترضَ

جیای کردەوە	افرزَ
هەژاری کرد	افقرَ
دەستی کەوت	حصلَ ، کسبَ
تۆقاندی	افزعَ ، خوّفَ
دۆزی یەوە	اکتشفَ
جەختی کرد	اکّدَ
پێوەی نووساند	التصقَ
داوای کرد ، پاڕایەوە	التمسَ ، طلبَ
هەڵی وەشاندەوە	الغیٰ
گڕی گرت	الهبَ
ستایشی کرد	امتدَحَ
تێکەڵی کرد	امتزجَ
هەی بوو	امتلكَ
فەرمانی دا	امرَ
خۆماڵیی کرد	امّمَ
دای گیرساند	أنارَ
بلاوبووەوە	انتشرَ
کۆتایی پێ هات	انتهیٰ
ڕامالڕا	انجرَفَ
جێ بەجێ کرا	انجزَ

لاربووەوە	انحرفَ ، مالَ
خۆی تێ کوتا	انخَرطَ
پاشگەزبووەوە	انسحبَ
هەڵگەڕایەوە	انقلبَ
نکۆڵی کرد	انکرَ
گرژبووەوە	انکمشَ
ڕیسوای کرد	اهانَ
فەرامۆشی کرد	اهملَ
فێڵی کرد	خدَعَ
پاڵپشتی دا	ساندَ ، ایّدَ
هەڵی ساند	ایقضَ
مشت و مڕی کرد	جادلَ
برسی بوو	جاعَ
تازەی کردەوە	جدّدَ
سەوڵی لێدا	جذَفَ
لێشاوی کرد ، ڕۆی	سالَ ، جرٰی
برینداربوو	جَرَحَ
بەرجەستەی کرد	جسّدَ
وشکی کردەوە	جففَ
ڕاچەڵەکی	جفَلَ

دانیشت	جَلسَ
کۆی کردەوە	جمعَ
جوانی کرد، ڕازاندیەوە	جمّلَ
جەنگیا	حاربَ
گەمارۆی دا	حاصرَ
چنی ، ڕێسای	حاكَ
دەوروخولی دا	حامَ
خۆشی ویست	حبّ ، عشقَ ، هوٰی
هانی دا	حثّ ، حفَزَ ، حرّضَ
ڕووی دا	حدث
تەرخانی کرد	خصصَ
ترسانی ، وریای کردەوە	حّذرَ
سڕی یەوە ، لای دا	حذفَ
ئازادی کرد	حررَ
ژماردی	حسبَ
لێی داشکاند	حسمَ ، خصمَ
تێی ئاخنی ، پڕی کرد	حشا ، ملاَ
چاڵی کەند	حفَرَ
بەرزی کردەوە	رفعَ
شریقەی لێدا	حقَنَ
جوولا	حرّكَ
قەدەغەی کرد	منعَ
فەرمانڕەوایی کرد	حَكمَ (مارس السلطة)
سوێندی خوارد	حلفَ ، أقسمَ
باڵی گرتەوە	طارَ ، حلَقَ
ترازا	حلّ ، فكّ
تووایەوە	انصهرَ ، حلّ
خەوی بینی	حَلُمَ
پاراستی	حمیٰ ، وقی
بڕژاندی	حمّصَ
هەڵی گرت	حمَلَ
گۆڕی	حوّرَ
پەیوەندی کرد	خابرَ
نانی کرد	خبزَ
تەواوی کرد	ختمَ ، انهیٰ
گزی کرد	غشَّ
وێران بوو	خربَ
دەرچوو	خرَجَ

که‌م بووه‌وه	نقصَ
دای که‌ند	خلعَ
دامرکایه‌وه	خمدَ
قه‌بڵاندی	خمّنَ
خنکا	خنقَ
درووی	خيطَ ، خاطَ
پێچی کرده‌وه	دارَ ، استدارَ
سووڕایه‌وه	دارَ ، دوّرَ
هاڕی ، کوتای	داسَ
به‌رگری کرد	دافعَ
شۆخی کرد ، گاڵته‌ی کرد	داعبَ ، لاعبَ
مایه‌وه	بقي ، دامَ
به‌زانی	هزمَ ، دحرَ
تل بووه‌وه	دحرجَ
به‌درۆی خسته‌وه	دَحضَ ، فنّدَ
چووه‌ژووره‌وه	دخلَ
دووکه‌ڵی کرد	دخّنَ
مه‌شقی کرد	درّبَ ، تدربَ
ته‌ڕبوو	رطبَ
ڕه‌تی کرده‌وه	رفضَ
سواربوو	ركبَ

خوێندی	درَسَ
فێربوو	تعلّمَ
کردی یه‌وه	فتح
پاڵی پێوه‌نا	دفعَ
بینی	رأىٰ
سه‌رکرداریه‌تی کرد	رأسَ ، ترأسَ
چاودێری کرد	راقبَ
گره‌وی کرد	راهنَ
به‌خێوی کرد	تبنّى
ڕۆشنبیری کرد	ثقفَ
بردی یه‌وه	فازَ ، ربحَ
به‌ستی	ربطَ
ڕێکی خست	رتبَ
پینه‌ی کرد	رتقَ
ڕۆشت	رحلَ ، غادرَ
به‌رتیلی دا	رشاَ
پالاوتی	رشحَ
شیری پێدا	رضعَ

ناوەڕۆك

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی	٥
الالفباء الكوردية	٧
چەند ڕاهێنانێکی گشتی	١١
وانەی یەکەم : پیتی (ە ـ ، ئـ ، پ ، ب)	١٥
واتای وشەکانی وانەی یەکەم	٢٢
وانەی دووەم : پیتی : (چ ، ج ، ڕ ، ر)	٢٩
واتای وشەکانی وانەی دووەم	٣٦
وانەی سێیەم : پیتی : (ژ ، گ ، ك ، ڵ ، ل)	٤٤
واتای وشەکانی وانەی سێیەم	٥٣
وانەی چوارەم : پیتی : (ۆ ، و ، ێ ، ی)	٦١
واتای وشەکانی وانەی چوارەم	٦٨
وانەی پێنجەم : چەند ڕستەیەکی جۆراوجۆر (ڕاناوی دەستنیشان کردن)	٧٦
وانەی شەشەم : چەند ڕستەیەکی جۆراوجۆر (کردار)	٧٩
واتای وشەکانی وانەی پێنجەم و شەشەم	٨٠
بەشی ڕێزمان	٨١
وانەی یەکەم (جێناوی کەسی جودا)	٨٣
وانەی دووەم (جێناوی کەسی لکاو)	٩٠
وانەی سێیەم (ناو لە ڕووی ژمارەوە)	٩٨
وانەی چوارەم (ناو لە ڕووی ناسینەوە)	١٠٢
وانەی پێنجەم(ئامرازی پرس)	١٠٦
وانەی شەشەم (دەمەکانی کردار / کرداری ڕابوردوو)	١٠٩
وانەی حەوتەم (کرداری ڕانەبوردوو)	١١٤
وانەی هەشتەم (کرداری داخوازی)	١١٨

وانەی نۆیەم (ئاوەڵکردار) ١٢١

گفتوکۆ ١٢٧

وانەی یەکەم (کات) ١٢٩

وانەی دووەم (یەکترناسین) ١٣٢

وانەی سێیەم (لە بازاڕدا) ١٣٥

وانەی چوارەم (شۆفێرو مۆڵەتی لێخوڕین) ١٣٩

وانەی پێنجەم (چەند ڕستەیەکی جۆراوجۆر) ١٤١

بەشی ویژە ١٤٥

وانەی یەکەم (فایەق بێکەس) ١٤٧

وانەی دووەم (قانیع) ١٥١

وانەی سێیەم (پیرەمێرد) ١٥٥

بەشی خوێندنەوە ١٥٩

وانەی یەکەم (ئەرکی سەرشانی ئێوە بەرامبەر (باوك و دایکتان چی یە) ١٦١

وانەی دووەم (شاری سلێمانی شاری هەڵمەتو قوربانی) ١٦٦

وانەی سێیەم (زانای گەورەی کورد تۆفیق وەهبی) ١٧١

وانەی چوارەم (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) ١٧٦

بەشی وەرگێڕان ١٨١

خۆڕاهاتن لەسەر وەرگێڕانو چۆنێتی داڕشتنی ١٨٣

چەند پەندێکی کوردیی ڕەسەن ١٩٥

چەند کردارێکی ڕابوردوو کە زۆر بەکاردەهێنرێن ٢٠١

ناوەڕۆك ٢٠٧